## پێشەکی

ئیدیۆم ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگ لە دەوڵەمەندکردن و گەشەسەندنی فەرهەنگی زماندا دەبینێت، بۆیە هەڵدەگرێت، کە چەندین باس و لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەیەوە بکرێت، بۆیە تاوەکو ئێستاش وەک پێویست ئەم لایەنە گرنگە لە زمانی کوردیدا، ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، نوسینی بابەتی نویێ لەسەر ئیدیۆم، هەنگاونانە بۆ ڕونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەو لایەنانەی، کە بەشێوەیەکی پێویست ساغ نەکراونەتەوە.

زمانی کوردی لە سەردەمێکی کۆنەوە وتەی ژیربێژی و دانایی وەکو: ئیدیۆم، پەندی پێشینان، چیرۆک و داستان، سەرگوزشتە و ئەفسانە...هتد، پێنوسراوە، سەرچاوەی ئەمانەش ئاوەزمەندی کوردییە و ئەمانە بەرهەمی گفتوگۆی نێوان کوردانی پێشینانمانە و کاریگەری ئاینی ئیسلام و ئاینەکانی پێشینانی کوردی بەسەرەوەیە و لەبیرکردنەوەی جوان و پەسەند و فەلسەفیی بێبەش نین.

ئیدیۆم لەلایەن زمانەوانان و شارەزایانی زمانی کوردییەوە، بە زۆر شێوە ناسێنراوە، خاوەن چەند خاسیەت و تایبەتمەندییەکە، بۆ نموونە: پێکهاتێکی ئاڵۆزە، بەشێوەیەکی ئامادە و تێکەڵ لە زماندا هەیە، کە لە یەکگرتنی هەندێ وشەدا، واتایەکی تایبەت پەیدا دەبێت کە لە مانادا لە وشە نزیک دەبێتەوە. واتای ئیدیۆم، لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند وشەیەک پێکدێت، بەشێوەیەک کە هەریەکێک لەم وشانە واتای فەرهەنگی خۆیان هەیە، بەیەکگرتنیان واتایەکی تر دەبەخشێت کە بە ئیدیۆم ناو دەبردرێت. واتە: ئیدیۆم ئەوەیە، کە ڕاستە و ڕاست ناوی شتێک نەبەیت، بەڵکو ناوی شتێکی تر ببەیت، کە پەیوەندی بە مانای یەکەمەوە هەبێت، بۆ ئەوەی لە مانا باسکراوەکەوە بۆ مەبەستە هێما بۆ کراوەکە بچیت.

پێکهاتەی ئیدیۆم بۆ واتایەک دەخوازرێت و ڕاستەوخۆ واتا نادەن بە دەستەوە، ناچێتە خانەی سینتاکسەوە، هەروەها ناتوانرێت وەک وشەش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆیە پێویستە لە فەرهەنگدا بەشێکی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت.

کلتور و بارودۆخ و دەوروبەری ئاخاوتن، ڕۆڵ دەبینن لەسەر لەدایکبوون و هاتنە بەرهەمی ئیدیۆمەکانی زمانەوە، واتە: ئیدیۆمەکان ڕەنگدانەوەی بیر و دابونەریتی ئاخێوەرانی ئەو کۆمەڵگایەن کە تێیدا سەرهەڵدەدەن، بۆنموونە: ئیدیۆمەکانی وەک( خاکەلێوە، گوڵان، پوشپەڕ، ڕەزبەر، ڕێبەندان،...هتد)، پەیوەندییان بە مانگ و وەرزەکانی ساڵەوە هەیە، هەروەها خاسیەتی وەرزەکان بوون بە ئیدیۆم: (گەوارەی بەهارێیە، ماستی بوارێ، وەک ئاوی ڕوبارێ، پایزە برا، هاوینان شلومل، زستانان جوار لەمل). هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئیدیۆم لەسەر بنەمای خاسیەت و تایبەتمەندی ئاژەڵ و گیانلەبەر هاتونەتە کایەوە، وەک: (گای بنەیە، مریشکە کرە، مریشکە ڕەشە سەوابە، بۆ مامۆستای کەبابە، خەتی خوار لەبن سەری گای پیرە، ڕێوییە ـ واتە: فێڵبازە، گوێدرێژ: کەسێکی بێ هۆش و نەفام،...هتد)، بەشێکی دیکەی ئیدیۆمەکان بەهۆی دانەوێڵە و بەروبووم و جۆری خوراکەوە کەوتونەتە ناو زمانەوە، وەک ئیدیۆمەکانی(دانەخۆرە بووە، گلێرە و بن بێژینگە، کوردی دۆ نەدیو، نانی بە دۆی ڕاناگات، کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە). بەهەمان شێوە، بازرگانی و جموجۆڵ و کڕین و فرۆشتن، کاریگەریان لەسەر هاتنەکایەوەی ئیدیۆمەکان هەیە، بۆنموونە: (سەپانی پوشێیە، شای بە سەپانی خۆی نازانێ، گەڕی بارە ترێیە، کەنگر و ماست بە وادەی خۆی، گوریکە گاگرۆ بەهارت هێنا بە درۆ، نە ماست هەیە نە فرۆ). هەروەها شوێن و ناوچە و دەڤەریش ڕۆڵیان لە هاتنەکایەوەی ئیدیۆمەکاندا هەیە: (ڕێوی قەمچوغە، سەگی ساتوقەڵا، نێرەکەری بازیان)، کەلوپەلیش، وەک: (لەبنی هەنبانەی دا، بنە کوندە، بوخچەی نەکراوەیە).

نوسەر(ئاراس ئیلنجاغی) لە بەرگی یەکەمی ئاراسنامە دا، هەزار و پێنج سەد ئیدیۆم و پەندی وەرگرتووە و لە ڕووی زمانەوانی و پێکهاتن و واتاوە شیکردنەوەی بۆ کردوون و زۆر بە وردی و سەلیقەوە چۆتە بنج و بناوانیان و زانیاری تایبەت بە خۆشی لە بابەتی کلتور و دابو نەریت و ڕەوشی کوردەواری و ئەزمونی ساڵانی نوسەری خۆی تێکەڵ بە ڕاڤە کردنەکان کردووە، هەندێکجار ئاخاوتن و قسەی جوتیارێکی ناوچەی کۆیە و تەقتەق و دەور و بەری و تا هەولێر و خۆشناوەتی و کەرکوک و شوان و سلێمانیشی وەرگرتووە و وەک ئیدیۆم بەکاریهێناوە و سودی لێوەرگرتوون، بۆ نمونە: لە کاتی گفتوگۆ و کۆڕ و

کۆبوونـەوە لـە مـەجلیس و دانیشـتنی کوردەواریـدا، ئەگـەر یـەکێک قسـەیەکی بـە توێکڵی کردبێت، نوسەر لێی وردبۆتەوە و بۆخۆی واتـای ئیدیۆمی لێ هـەڵێنجاوە و کردوویــەتی بــە ئیــدیۆم و شــیکردنەوەی بــۆ کــردووە، چەنــد نمونەیــەکی وەک(ئەسـتوکی سـێر لـەقێن دەکـا)، (ئـاگر سـەرما نازانێـت)، (نـانی یـەک بـەگوێی سـێرێیە)، ئەمانـەی وەک گوتـە و ئاخـاوتن گـوێ لێبـووە، خـۆی واتـای ئیـدیۆمی لێهەڵێنجاوە، لەگەڵ باسکردنی هەر ئیدیۆمێکیشدا، دیسانەوە ژمارەیەکی دیکەی لە پەند و ئیدیۆم هێناوەتەوە و تێکهەڵکێشی ناواخنەکەی کردۆتەوە و لـە ڕووی واتـا و پێکهاتنـەوە، شـیکردنەوەی بۆ کـردوون، لـە ڕوانگـەی واتـای بنـەڕەتی و واتـای خوازراوەوە لێکی داونەتەوە. زۆربەی ئیدیۆمەکانیشی هەر بەشێوەزاری ناوچەیی خۆی شـیکردۆتەوە، بۆئـەوەی تـام و بـۆی ناوچەکـەی خـۆی و ڕەسـەنایەتی ئـەو ناوچەیـە بـزر نـەکات. لەگـەڵ باسـکردنی هـەر ئیدیۆمێکیشـدا، کۆمـەڵێک زانیـاری جــوگرافی لــەبارەی پێکهاتــە و سروشــتی ناوچەکــەوە بــە دەســتەوە داوە. بەمجۆرە دەتوانین بڵێین: کە ئەم پەرتوکە لەشێوەی فەرهەنگێکی فراوانی ئیدیۆمـە لە زمانی کوردیدا، سودێکی زۆر بە زمان و فەرهـەنگ و ئاستی واتـا دەگەیـەنێت، هەرکەسێک ئەم کتێبە بخوێنێتـەوە، زانیـاری و سـودێکی تـازەی لـێ وەردەگرێـت، چونکە بەتەنیا ئەو ئیدیۆمانە باس نەکراون، کە پێشتر لـە چوارچێوەی کتێبەکانـدا لێکدانــەوەیان بــۆ کــراوە، بــەڵکو هەوڵــدراوە ئیــدیۆم و پێکهاتــەی نــوێ و تــازە باسبکرێت و لێکدانـەوەیان بۆ بکرێت. نوسـەر ویسـتویەتی لـە ڕێگـای ڕاڤـەکردنی هەر ئیدیۆمێکەوە خاسیەت و سیمای ئـەو ناوچەیەشـمان پـێ بناسـێنێت، کـە ئـەو ئیدیۆمــەی تێــدا هاتۆتــە کایــەوە بــەهۆی ئەمەشــەوە زۆرجــار زانیارییــەکی ئینسـکلۆپیدیمان سـەبارەت بـە بـاری کۆمەڵایـەتی و کـەش و هـەوا و نـەریت و جلوبەرگ و خۆراک و ڕەوشی ناوچەکە پێدەدات.

ئـەم پەڕتوکـە، گرینگـی بـە کۆکردنـەوەی ژمارەیـەکی زۆر ئیـدیۆم داوە، لەبـەر ئـەوەی ئیـدیۆم زمـان دەوڵەمەنـد دەکـات و واتـا و بیرکردنـەوەی مرۆڤـی کـورد بەرجەسـتە دەکـات، بـەرگێکی تـازە بـە بـەر زمانـدا دەکەنـەوە، زمـان لـە سـوان و دوبارەکردنەوە دەپارێزن. لە شیکردنەوەی ئیدیۆمەکاندا، تەنیا واتا خوازراوەکـەی لێکنەداوەتەوە، بەڵکو سـەرەتا گەڕاوەتەوە، بۆ واتـای ڕاسـتەوخۆ و بنـەڕەتی وشـە و دەربڕینەکان، ویستویەتی لە ڕێگای دۆزینەوەی پەیوەندی و لێکچوون، لـەنێوان

واتای بنەڕەتی و واتای خوازراودا، یان لەنێوان هەردوو بواری واتایی سەرچاوە و ئامانجدا، واتای ئیدیۆمی و مێتافۆرییەکەشی شیبکاتەوە، واتە: لە ڕوانگەی درکپێکردن بە واتای بنچینەییەوە، هەوڵی داوە، پەی بە وێنای وێنەیی، واتا خوازراوە ئیدیۆمییەکە ببات. نوسەر تیشکی خستۆتە سەر بابەتێکی گرینگی زمانی کوردی، کە ئیدیۆمەکانە، چونکە شیکرنەوەی ئیدیۆمەکان، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەستەکانی مرۆڤ دەبێت و لە زمانی بەکارهێنراوی دەقەکاندا، سودی لە ئاخاوتنی ڕۆژانە وەرگرتووە، لە ڕێگای ئاخاوتنی زارەکییەوە، ئەم ئیدیۆمانەی لە قسەپێکەری ئاسایی زاری کرمانجی ناوەڕاست وەرگرتووە، زۆرجاریش بۆ کۆکردنەوەی ئیدیۆمەکان سودی لە کەسانی بەساڵاچوو و ئاخێوەری ڕەسەنی زمانەکە وەرگرتووە، بەپێی ئەزموونی خۆی لە بواری مێژوو، جوگرافیا، ڕۆژنامەنووسیدا، شیکردنەوەی واتایی بۆ کردوون، ئەم کتێبە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت لە زمانی کوردیدا، بە دوای واتا و شیکردنەوەی ئیدیۆم و پەندەکاندا بگەڕێت، یان توێژینەوە لەبارەی ئیدیۆم و پەندەکانی زمانی کوردییەوە بکات، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ نوسەر(ئاراس ئیلنجاغی)، دەخوازم، هیڤیدارم، ئەم بەرگە چەند بەرگێکی دیکەش لەبارەی پەند و ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی بە دوای خۆیدا بهێنێت و سود بە خوێنەران و فەرهەنگی زمانی کوردی بگەیەنێت و دەوڵەمەندی بکات.

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر: ڕۆژان نوری عەبدوڵلا**

**٢٠٢٣-١٢-٣١**

# پێشەکی نووسەر

ئەو ئیدیۆمانەی ناو ئەو پەرتووکە هەموویان لە ماڵپەڕی(کوردیپێدیا)دا بڵاوکراونەتەوە و شیکراونەتەوە، لەو بەرگەدا تەنیا(١٥٠٠) ئیدیۆمن، هەر لە منداڵییەوە ئیدیۆمەکان هەستیان دەجوڵاندم، کاریگەرییان لەسەرم هەبوو، زۆر پێم شیرین و پڕ مانا بوون، بەتایبەتی ئەو ئیدیۆمانەی، کە لە ئاخاوتنی نێوان پلک و خاڵ و مام و باوک و دایکمم گوێ لێ دەبوون، ئەوانەی لە قسەکردندا زمانیان پاراوە، زۆرتر ڕەوانبێژن، زیاتر ئیدیۆمەکان لە کاتی گفتوگۆدا بەکاردەهێنن، لەمانگی نیسانی(٢٠١٧)ەوە دەستم بەو کارە کردووە، سەرەتا لە پۆلی(پەند و ئیدیۆم)ی کوردیپێدیادا ئیدیۆمەکانم دانە بە دانە شیدەکردنەوە، حەزم دەکرد لە داهاتوودا بەناونیشانی(بڕشکان) بیکەمە پەڕتووک،بەڵام پاشماوەیەک دوای ئەوەی ژمارەیان زۆر بوو، کاک(هاوڕێ باخەوان) لێپرسراو و دامەزرێنەری کوردیپێدیا، وەشانامەیەکی دیجیتاڵی تایبەتی بە ناوی(ئاراسنامە)، تایبەت بەو ئیدیۆمانەی بەندە لە کوردیپێدیادا شیمکردونەتەوە بڵاوکردەوە،بۆیە منیش لە بڕشکانەوە چوومە سەر بیرۆکەی کاک هاوڕێ و تەمەن ڕێگەبدات چەند بەرگێکی ئاراسنامە دەخەمە بەرچاوی خوێنەران.

ئیدیۆم وەکوو زاراوە وشەیەکی یۆنانییە لە(ئیدیۆس)ەوە هاتووە، بەمانای(تایبەت، خۆیی، خۆماڵی یان گوزارەی تایبەت) دێت، ئینگلیزەکان وەریانگرتووە و کردوویانە بە(ئیدیەم)، لە زمانی کوردیشدا لەلایەن دکتۆر(نەسرین فەخری)یەوە، لە گۆڤاری کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا، ژمارە(١٩)ی ساڵی ١٩٧٦دا بە(ئیدیۆم) ناویهێناوە، لە کوردستاندا بەچەند زاراوەیەک ناوی دەبەن ئەوانیش:(زاراوە، بڤێر، دەڤۆک، دەستەواژە، دەستەوارە، ئیدیەم، ئیدیۆم)، وەکوو چەمک و پێناسەش، ئیدیۆم: دەستەواژەیەکە مانایەکی ڕاستەقینەی خۆی هەیە، لە هەمانکاتیشدا مانایەکی تریش دەدات.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی(ڕوسیا و ئەستانبۆل) هەندێک لە پەندی پێشنیان بڵاوکرانەوە، بەڵام وەکوو پەرتووک ساڵی(١٩٣٣) لە شاری بەغدا پەرتووکێک کە(٦١٣) پەندی تێدا بوو، بەناوی(قسەی

پێشینان و گوستاولۆبۆن)ی (ئیسماعیل حەقی شاوەیس) چاپکرا، هەر لە شاری بەغدادا، پەرتووکی(هەزار بێژ وبەند)ی نووسەر(مەعروف جیاووگ)، کە(١٠٠٠) هەزار پەندی تێدابوو بڵاوکرایەوە، دواتر لە گۆڤاری گەلاوێژدا(٣٩٢) پەند و لە ساڵی(١٩٥٠)شدا، لە سێ بەرگدا(٦٤٤٨) پەندی کۆکراوەی(پەندەکانی پیرەمێرد) چاپ و بڵاوکرایەوە، جەلال مەحمود عەلی سوبحانی لە ساڵی(١٩٨٢)دا لە پەرتووکی(ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا)، جارێکیتر لە باشووری کوردستاندا ئیدیۆمی هێنایەوە ناوناوان، هەرچەندە پێشووتر هەر یەک لە(پیرەمێرد و شێخ محەمەدی خاڵ و عەلائەدین سوجادی و مەلاغەفووری دەباغی-حافیزی مەهابادی) وەکوو پەند کاریان لەسەرکردووە، بەو دواییانە(خەلیل موحەمەدی لە پەرتووکی(زەردەی دەم کەل) و ڕەند زارعی-ئیسماعیل زارعی لە پەرتووکی(فەرهەنگی پەندی کوردیدا) بە هەزاران پەند و ئیدیۆمی کوردیان کۆکردۆتەوە و بڵاویانکردۆتەوە، بەندەش وەکوو هەژار موکریانی دەڵێت: هەر کاوێژی ئەو پەند و ئیدیۆمانە دەکەمەوە، بەڵام شیاندەکەمەوە کە زووتر هەر خراونەتە ڕوو، ئەگەر بەوشەیەک یان دووان یان ڕستەیەک ماناکەیان لێک درابێتەوە، لێرەدا بەدرێژتر چوویمە بنج و بنەوانی وشەکانی کە ئیدیۆمەکەیان لێ پێکهاتووە، هیوادارم بەو کارەی کە کردووەمە خزمەتێکی بچووکی زمانی شیرینی کوردی بکەم.

**ئاراس ئیلنجاغی**

**کۆیە**

**٢٠٢٤-١-١**

گوندێکەوە خوێن ڕشتنی لێ دەکەوێتەوە و چەندین کەس لەسەر ئەو ناکۆکییە دەکوژرێن، بەچەندین کەسایەتی و ریش سپی و پیاوی خانەدان و ڕێک و پێک ئەو ئاگرەی دوژمنایەتیەی کە کراوەتەوە ناکوژێتەوە، کەچی بۆرە پیاوێک یان کەسێک کە ناوی لە قوتوی عەتاریش نییە دەتوانێت بیکوژێنێتەوە و چارەسەری کێشەکەیان بکات بۆیە وتراوە (ئاگر بە ئاوی پیسیش دەکوژێتەوە).

**١١- ئیشی پینە و پەڕۆ هەر دەگاتە نیوەڕۆ:-**

هەندێکجاریش دەوترێت ئیشی پینە و پەڕۆ ناگاتە نیوەڕۆ، لەکۆندا لەبەر هەژاری و کەمی (قوماش) ئەو جل و بەرگەی بدڕابووایە، فڕێ نادرا، ئەوەی دڕانەکەی کەم بووایە بەدەرزی و داو دەدوردرایەوە یان ئەوەی دڕانێکی زۆر و شەقێکی گەورەی هەبووایە ئەوا بەپارچە پەڕۆیەک ئەو شەقە دادەپۆشراو و بەدەزوو و دەرزی دەور و بەرەکەی دروومان دەکرا و بەو پارچە لێدانەوە دەوترا پینە، لەکاتی کاروباری ڕۆژانەدا ئەگەر بەر ڕاکێشان و گورجبوون بکەوتایە دووبارە دەدڕایەوە، ئەمە لایەنە ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکەیە وەکو مەبەستیش واتە کارێک بناغە و مێرابێکی پتەوی نەبێت ئەگەر تا ئەستێرەش بڕوات هەر دەڕوخێت، ئەمە زیاتر بۆ کارێک بەکاردەهێنرێت کە پێداویستیەکانی ڕاپەڕاندنی ئەو کارە ئامادە نەکرابێت و لێرە و لەوێ هەندێک کەرەسە و ئامێری خراپ و ناشایستە بەکارەکە ئامادە کرابێت و پێکهێنرابێت.

**١٢- ئەوەی لەخوای نەترسێ، لەهیچ ناپرسێ:-**

خوا، دامەزرێنەر و خوڵقێنەری زەوی و ئاسمانەکانە، چاودێر و ئاودێری دیمەکارانە، رزق و ڕۆژووی هەموو زیندە ڕۆحەکان دابین دەکات، ئاگای لە پەنهان و ئاشکرایان هەیە، بیروباوەڕی کوردان وایە، خواناسان و ئەوانەی لەخوا دەترسن مادام خودایەک چاودێری کار و هەڵس و کەوتیان دەکات ویژدانیان ڕێگە نادات کاری دزێو و نابەجێ بکەن، بەڵام ئەوەی خوانەناس و لەخواترس نەبێت، هیچ چاودێر و ڕەقیبێکی نییە یان ئاینێکی نییە ویژدانی محاسەبە-لێپچینەوەی لەگەڵ بکات یان تاوەکو لە کاری دزێو و نابەجێ و کوشتن و دزی و....تاد بگەڕێتەوە بۆیە وتراوە (ئەوەی لەخوا نەترسێ، لەهیچ ناپرسێ).

**١٣- ئەگەر داکی درۆیان نەگایە:-**

لەناو کوردانددا ئەگەر بەڵێنێک بدرێت و درەنگ جێ بەجێبکرێت و کۆمەڵێک

کورد بە دەربڕینەوە وتویەتی(ئیشی وەختی، پاشای سەرتەختی).

**٢٩- ئەگەر شەڕت کرد بەشی ئاشتی تێدا بێهێڵەوە:-**

مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەلایەتییە بەبێ مرۆڤەکانیتر هەڵناکات، بەلام کە زۆریش پێکەوە دەبن دووچاری گرژی و شەڕ و ناکۆکی و ناتەبایی دەبنەوە، هەندێکجار ئەو شەڕە بەدەست هەردوو لا نییە چونکە کورد دەڵێ(شەڕ و تڕ بەدەست خۆت نییە)، بەلام کەسی عاقڵمەند ئەوەیە کە دووچاری شەڕ هات سبەی لەبیر بێت و بایی ئەوەندە بهێڵێتەوە کە پێویستە ئەو شەڕە کۆتایی بێت و ڕێگەچارەی ئاشتی وون نەکرێت و بۆی بدۆزرێتەوە، ئینجا ڕێگەچارەی ئاشتی ئەوەیە لەکاتی شەڕدا بەشی ئاشتی بهێڵێتەوە بۆیە کورد وتویەتی(ئەگەر شەڕت کرد بەشی ئاشتی تێدا بێهێڵەوە).

**٣٠- ئەنگوتک ژمێر یان ئەنگوتک بژێر:-**

ئارد لەگەڵ ئاو تێکەڵ بکرێت دەبێتە(هەویر) دوای شێلانی هەویر ئینجا دەکرێتە پارچە پارچەی خڕیلە و شێوە گۆ بەوە دەوترێت:(ئەنگوتک)، کە پڕ بە لەپە دەستێکە، بۆیە پێی وتراوە:(ئەنگوتک)، هەر ئەنگوتکەی دەکرێتە یەک(نان)، تا ئێرە باسکردنی ئارد و ئاو و هەویر و ئەنگوتک و نانە، ژمێر واتە: ژماردن(تعداد) ئەنگوتک ژماردن بۆ کەیبانوو ئاساییە، کەیبانووەکان بە گوێرەی ژمارەی خاو وخێزان و ڕەنجبەر و قۆناغ و مێوانداریيان، ئارد لە کەندوو دەردەهێنن و دەیکەنە هەویر، ئەوەی ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەی کەم بێت، کەمتر هەویر دەشێلێت، کابانەکان ڕۆژانە دەستیان ڕادێت، لەگەڵ ئەو بڕە ئاردەی کە دەیکەنە هەویر و دەیشێلن و دەیکەنە ئەنگوتک، هیچ کاتێک نایژمێرن تەنیا بۆ ئەوە نەبێت بزانن چەندیان ماوە تا لە نان کردنەکە ببنەوە، ئەگەر پرسیاریان لێ بکرێت چەندتان ماوە؟ دەڵێن: هەشت بۆ نۆ ئەنگوتکێک، تا ئێرە ئاساییە، بەلام ئەو خودان مالانەی، کە چروک و ڕژد و ڕەزیل و دەست قوچاو و بەرچاوتەنگن، ئەژماری ژمارەی مێوان و کەسان و ئەندامانی خێزان دەکەن و زۆر ورد لێ دەکەن، کورت و کرمانجی پیاوێک ڕەزیل و قرچۆک و گیرفان تەسک بێت پێی دەوترێت: بە خوا برا پیاوێکی ڕەزیلە ئەو(ئەنگوتک ژمێر یان ئەنگوتک بژێر)ە.

برۆ سەر زبڵدانی گەورە، هەڵبەت ئەمە مەبەستی دەراوی گەورە ماڵانە کە دەبنەپەنا و پەسێو، نەوەک خەڵکی گزگڵ و بودەڵە، کە بۆ(هانا) بۆ بردن دەست نادەن، بچووکی ڕووەکی خڕنووک و سێبەرەکەی بووە بە ئیدیۆم و بەکاردەهێنرێت بۆ ڕێنوێنی و ڕێنمایی و ئامۆژگاری ژیان بۆ ئەوانەی کە پەنا بۆ شتی بچووک دەبەن دەوترێت: ئەگەر بە تەمای سێبەری خڕنووک بیت، هەتاو دەتسوتێنێت.

**٨٢- ئاو بە دوای بێڵدا دەڕوات:-**

بێڵ: خاکەنازە، کلکی دارە و سەری ئاسنە، بۆ کێڵان و پێمەڕە و بێڵ تەپ و جۆماڵکردن و کاروباری ناو کێڵگە بەکاردەهێنرێت، کاتێک ئاو بە جۆگەکاندا دەڕوات، لە ناو جۆگەکاندا هەندێ ڕێگر و قۆرت و کونیلە دێنە پێش ئاوەکە و جوتیار و ڕەزەوان بە خاکەناز و بێڵەکەی ئەو کۆسپانە ڕادەماڵێت و جۆماڵیان دەکات و ئاوەکەش بەدوای ئەو خاکەناز و بێڵەوە دەڕوات، ئەو حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی دەستڕۆیشتوو دەوترێت کە کاروباری بۆ مەیسەر بێت و هەموو شتێکی بۆ جێ بەجێ بێت بە هۆی دەسەلاتەکەیەوە، بە درکە و کینایەوە وتراوە: ئاو بەدوای بێڵدا دەڕوات.

**٨٣- ئاش و تەنوور بە نۆرە:-**

هاوشێوەی ئەو ئیدیۆمە وتراوە: مردنیش بە نۆرەیە، ئەوە دەزانرێت مرۆڤەکان گیای بوهارێن هەر ڕۆژەی یەکێکیان کاتیان نامێنێ و ژیان بە جێ دەهێلن، کاتی خۆشی کە باراش(دانەوێڵەی گەنم و جۆ و نیسک و نۆک و ماش و...تاد) دەبردرانە ئاشی بۆ ئەوەی لێبکرێن و بهاڕدرێن، هەر لە گونیەکانی خۆیانەوە دەخرانە نۆرەوە، بەهەمان شێوەیەش لە کوردەواریدا لە گوندەکان، ژنگەلی ئاوایی لەسەر تەندووری ماڵێک دادەنیشتن و نۆرەی خۆیان دەگرت بۆ نان و کولێرە پێوەدان بە تەندوورەکە، ئەو دوو حاڵەتە لە کوردەواریدا بووە بە ئیدیۆم و بۆ سرە و ڕێزگرتن بۆ بەرکەوتنی شتێک دەوترێت: ئاش و تەنوور بە نۆرە.

**٨٤-ئەسپ و ئێستر لەقە لە یەک نادەن:-**

هاوشێوەی ئەو ئیدیۆمە وتراوە: ولاش زاوا، هەمزاوا، هەڤلینگ، قوونیان بۆ لای یەکتری دەخورێت، ئەسپ و ئێستر ئەگەر چی کرمۆسۆمیان گۆڕاوە، بەلام باوک و کوڕن، یەک خوێن لە دەمارەکانیاندا هەیە، یەک کار و ئەرکیان پێ ئەنجام

کۆن و نوێدا، هیچ دەق و تێکستێکم بەرچاو نەکەوتووە کە ستایشی بەرازی کردبێت، تەنها ئەو قسە و باسانەم بیستووە کە بەرازی بە چەپەڵ و پیس و بۆگەخۆر داناوە، لەو ئیدیۆمەش بەرازی دەم بەستراوە، لایەنی نەرێنییە، بەڵام پەیوەندی بە کلتوری ئیسلامەتییەوە هەیە، کاتێک کوردێکی موسڵمان لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا بەڕۆژوو بێت و نوێژ نەکات پێی دەوترێت: ئەوە چۆن دەبێت؟ وەک بەرازی دەم بەستراو وایت، ئەوە بۆ هاندانە تاوەکو نوێژ بەدەم ڕۆژوو گرتنەوە ئەنجام بدات.

**١١٢-بە زبری کلکی ئێسقان دەشکێنێت:-**

وتراویشە: سەگ بە زەبری کلکی ئێسقان دەشکێنێت، مرۆڤ کە کلکی ڕاستەقینەی نییە، بەڵام کلکی واتایی (مەعنەوی) هەیە، بۆ نمونە: کەسێک کارێک ئەنجام دەدات، ئەو کارە لە توانای ئەودا نییە، بەڵام کەسێکی گەورەتر و بەتواناتر و دەسەڵاتدار لە پشتیەوە هەیە، پشتیوانی دەکات، ئینجا لە کوردەواریدا هەر کاتێک کەسێک خۆی توانای نەبێت بەپشت بەستن بە یەکێکیتر کارێک ئەنجام بدات، بە تەوسەوە دەوترێت: بەزەبری کلکی ئێسقان دەشکێنێت.

**١١٣-بۆ کوێر چ شەو، چ ڕۆژ:-**

بۆ ئومێد و هیوا وتراوە: کوێر تا دەمرێت بە تەمای دوو چاوی ساغە، کوێر لە ئیدیۆم و پەندی کوردەواریدا جێگای کراوەتەوە و بە نمونە هێنراوەتەوە، لێرەدا کە دەوترێت: بۆ کوێر چ شەو چ ڕۆژ واتە هیچ جیاوازییەکی نییە چونکە ئەو هەر چاوی نابینێت و بۆ ئەو بیست و چوار کاتژمێرەی خودا هەر شەوە، کەواتە ڕۆژ بەدەرەوە بێت یان نا بۆ کوێر وەکو خۆیەتی، ئینجا کورد ئەگەر گۆڕانکارییەک لە بارودۆخێک بێتە کایەوە و هیچ سودێکی نەبێت، خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت بارودۆخیان هەروەکو خۆی بێت، بەکینایە و درکەوە دەوترێت: بۆ کوێر چ شەو چ ڕۆژ.

**١١٤- با لە ئیدیۆمی کوردەواریدا:-**

با، وەک دیاردەیەکی سروشتی بریتییە: لە جوڵانەوەی بەرگی هەوای سەر ڕووی زەوی بە هۆی جیاوازی پەستانەوە، وەرزێر و جوتیار و کشتیار و گوندنشینانی کوردەواری هەر لە کۆنەوە پێی ئاشنان و کاریگەری تەواویشی خستۆتە سەر کاروبار و ژیانی ڕۆژانەیانەوە، بۆیە لە زۆر ئیدیۆمی کوردەواریدا

بەکاریانهێناوە و لە هەر شوێنەی مانا و تایبەتمەندی خۆی پێدراوە بۆ نمونە: لە ئیدیۆمی(با بەدەواری شڕی نەکردووە)، ڕەشماڵێکی کۆن و خراپ بوو بێت، هەڵکردنی با بە ئارەزووی خۆی دەیهێنێت و دەیبات،(کوونە بایە-با ئەنگێوە)، بە کەسێکی دەم بە هاوار و زۆر بڵێ و درۆزن وتراوە: کونەبایە،(ڕەشەبایە-با ڕەش)، کەسێکی خێرا و بەپەلە و گورج و گۆڵە،(شنەبایە، کزە بایە)، ئارامی و لەسەر خۆییی،(لە کوێوە بای بێت شەنەی خۆی دەکات)، بە کەسێکی هەڵپەرست دەوترێت کێ سەرکار بێت، دەبێتە داردەست و ڕەعیەت و ڕەنجبەری ئەو،(بابردوو-بابردەڵە)، زیاتر بە بەروومە کشتوکاڵیەکان وتراوە، کە لە چلەی هاوینان گڕە و بای گەرم دەیانبات وەکو بەروبوومەکانی گندۆرە و تەرۆزی و هەنجیر و تەماتە و شوتی و ...تاد، لێرە بەمانای کەسی بێ تەنگ و تۆش دێت واتە: سوکەڵە و بێ هێز و نەخۆش و کزومات وەک چۆن هێمن موکریانی دەفەرموێت:

**منیش بابردەڵەی بەر گێژەڵووکەم**

**دەمێک لەو قوڵکە، تاوێک لەو چڵووکەم**

هەروەهاوتراوە:(بەدوای کڵاوی بابردوو مەکەوە)، مەبەست لێی بەدوای چووان مەچوو، تازە ناگەڕێتەوە بۆ ئاینده بڕوانە،( بەرەو با میزکردن) واتە: زیان گەیاندن بەخۆت چونکە میزەکە دەگەڕێتەوە بۆلای خۆت، وەکو تفی سەرەو هەوراز بەڕووی خۆت دەکەوێتەوە، بۆ خزمایەتیش وتراوە: تفی سەرە و هەورازە، دەرچوون لە خوونەریتی کوردەواری و کۆمەلایەتی، یان ڕوونتر بڵێین لە ئادابی گشتی لادانە، هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە پیاوان وتراوە:(سمێڵ بابڕ)، واتە: بە ئارەزوو و خواستی خۆی دەجولێتەوە باکی بە چەوسانەوەی ژنان نییە و هەر لە سمێڵی دەخەفیت و بەهەردوو لای ڕوومەتیدا با دەیجولێنێتەوە، هەر لەڕووی کشتیاری و کەشکارییەوە دەوترێت:(بای پێش باران، بەو بایە وتراوە پێش باران دێت، دەخوازرێت بۆ ئەو کەسانەی بوون بە قوتۆی هاوار و بانگان و زوو خەبەری نوێ و تازە دەهێنن،(بای بزن کوژ)یش، زستان و پایزان هەڵدەکات دەبێتە هۆی لەسەرما ڕەقبوونەوەی ئاژەڵی بزن چونکە مووەکەی وەکو خوری مەڕ گەرم نییە، لە کۆتایی زستانیش وتراوە(بای دار ئاوس) لەکاتی چرۆکردنی دار و درەخت هەڵدەکات، لە بواری ئەدەبی و ئەویندارییش بوێژ و

هۆزانڤانان بەکاریهێناوە:

وەکو(بای خەزان) ئەو بایەی لە پایزاندا هەڵدەکات و دەبێتە هۆی هەڵوەرینی زیاتر گەڵاکان وەک وەفایی فەرمویەتی:

**دریغا بای خەزان دایە بەهاری شۆخ و ڕەعناکەم**

**لەئیزهاری عەمەل کەوت ئافتابی عالەم ئاراکەم**

**هەروەها عاسی بۆ(بای ئەجەل) و کۆتایی تەمەن دەفەرموێت:**

**بای ئەجەل هات و لەناکاو مەدرەسەی پێچایەوە**

**حوجرەکەی تەدریسی ئێستا تۆزی غەم لێی نیشتووە**

هەردیش فەرمویەتی:

**بای ئەجەل هاتوو لەناکاو، دەفتەری ژینی دڕیم**

**تاکو دوێنێ خونچە بووم، ئەمڕۆ بە ناهەق هەڵوەریم**

(بای سەبا)یش بۆ فێنکی دڵ و دەروون دەوترێت)،(بای وادە) ئەو بایەی لە کۆتایی مانگی ڕەشەمەیە و پێش خاکەلێوە دێت و دەبێتە هۆی تواندنەوەی بەستەڵەکی بەفری ڕێبەندان.

**١١٥-بە تەمای جیران بێ نان دەبی، بە تەمای دۆست بێ گان دەبی:-**

هەوڵ و تێکۆشانی هاوسێ نان و ڕۆژووەکەی هەر بۆ خۆیەتی و کەندوی پڕ ئاردی ئەو هیچ نانێکی بۆ تۆ نییە و هەر بۆ خۆیەتی با جارێک لە جاران یەک دوو کولێرەت بۆ بنێرێت، دۆست و یاریش لە ماڵی خۆیەتی و هەمیشە ناتوانێ وەک ژنەکەت لەلات بێت بەگوێرەی کەلتوری وولات بۆیە ووتراوە: ئەوەی بە تەمای نانی هاوسێ بێت بێ نان دەبێت و ئەوەی بەتەمای گانی دۆستیش بێت بێ گان دەبێت.

**١١٦-با گردێن لە ئیدیۆمی کوردیدا:-**

باگردێن یان باگردان، شتێکی قورسە چ لە دار یان بەرد دروستکراوە، لە کاتی زستاندا زیاتر لە کوێستان و ناوچە شاخاوییەکاندا، لادێنشینان لە شەوانی بەفر و بارانی زستاندا، سەربانەکانیان پێ پەستاوەتەوە و ماڵیووە چ بەفرەکەی سەری لاببرێت، چ کون و کەلەبەری سەربانووەکە نەمێنێت، ئەو باگردێنە شێوەی لولەییە لە هەردوو سەرییەوە بە ئاسنێکەوە بەستراوەتەوە و باگردێنەی پێ ڕادەکێشرێت و هەموو سەربانەکەی بست بە بست پێ دەگێڕدرێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و

ئەگەر کەسێکی خراپ و بەدگۆ و ناڕەسەن لەسەر هەموو کەسێک پاشەملەی هەبێت و زەم و زەمکاری هەموو کەسێک بکات و جیاوازی لە نێوان خزم و خوێش و دۆست و هاوسێ و دراوسێیان نەکات، شەلم کۆرم ناپارێزم و هەڵیت و پەڵیتان بڵێ و زمانی وەکو باگردێن بەهەموو لایەکدا بسوڕێنێت و خەڵکی پێ بپەستێ و بکوتێت و سەرکۆنەیان بکات، بە تەوسەوە پێی دەوترێت: باگردێنە بە هەموو خەڵکی دەگرێت، یان زمانی باگردێنە و بە هەموو لایەکی دەسوڕێنێت، هەروەها وتراویشە: لینگی بە باگردێندا شۆڕ بۆتەوە، هەر لە کوێستانان ئەو ئیدیۆمە بەکارهاتووە، ئەو کیژەی کە تەمەنی پارچەرە-پاچەڵە بووە، کاتێک لە سەر باگردان دانیشتووە هەردوو قاچی گەیوەتە سەر زەوی وتراوە تەواو کاتی شوو و مێردیەتی، لە گەرمیان و پێدەشتەکان ئیدیۆمیتر وتراوە: بۆ نمونە لە شوان و شێخ بزێنی وتراوە: ئەگەر کیژ چووە بەر ئاوێنە، وەختی شوویەتی، یان لەهەندێ ناوچەی وراتی کۆیە دەوترێت: هێلکە و ڕوون بزانێت کاتی مێردیەتی، یان لە هەولێرێ وتراوە: تەنکەی ئاوێ لە سەر ئاوێ بهێنتەوە، لەسەر باگردێن ئیدیۆمی تریش هەیە بۆ ڕق و سووک سەیرکردن و بێزاری دەربڕین بەرامبەر بە کەسێکی گەڵحۆی بێ فەڕی تەمبەڵ و تەوەزەڵی کەفەڵ زڵ و گەورە و قوون پان دەوترێت: قوون باگردێن.

**١١٧-بەڕە لە ئیدیۆمی کوردیدا:-**

بەڕە، جۆرە ڕایەخ و فەرشێکی کوردەوارییە لە خوری ڕێستراو و تیلمە پەڕۆ و نایلۆن و بەنی جۆراوجۆر لە کارگەی(تەون)دا هەڵدەبەسترێت و ژنانی دەستڕەنگینی کورد وەستایەتی دەکەن و دروستی دەکەن، بەگوێرەی بست و قامک دەپیورێت و کارێکی وورد و سەرنج و تاقەت ویستە، ئەو ژنانەی خاوەنی خاوخێزانن زۆر خراپ ئەو کارەیان پێکراوە لەوانەیە بەڕە دروستکردنیک هەفتەیەکی گەرەک بووبێت، لە کۆندا بەڕە بۆ خۆ داپۆشتن و بەخۆدادانیش بەکاردەهات و ببووە ئیدیۆم( یاخوا نەچییە بن بەڕەی دوژمنیشم) ئەوە زیاتر بەکیژێکی ناشیرین و قرغ و ناکەس بەچە و نانەجیب و ناحەز دەگوترا کە نەچێتە ژێر یەک بەڕەوە لەگەڵ کوڕێک یان لاوێک و خەساری بکات، واتە: کیژێکە کەیبانوو نییە و ڕەسەنایەتی تێدا نییە و بۆ هاوسەرگیری و هاوژینی و وەچە خستنەوە نابێت، یان وتراویشە: ئەوەی کیژی هەیە خەڵک دەچێتە سەر بەڕەی

یان ئەوەی کوڕی هەبێت ئەبێت بچێتە سەر بەڕەی خەڵکی مەبەستی ئەوەیە خاوەن کچ داخوازی لێ دەکرێت و خاوەن کوڕ ئەبێ بچێت بۆ داخوازی کیژی خەڵکی، یان( بەقەد بەڕەی خۆت پێ ڕابکێشە) کاتێک بەتانی و پەتۆ بەخۆ دادەرێت نابێت تەواو پێی ڕابکێشرێت، دەبێت هەندێک پێیەکان گورج بکرێن و بنوشتێنەوە، دەنا پێیەکان دەکەونە دەرەوەی بەڕەکە و لە گۆڕێ دیار دەبن و لە سەرما دەتەزن یان بۆ ڕایەخیش هەر دروستە کە قاچەکان بەقەد کورت و درێژی بەڕەکە ڕابکێشرێت هەڵبەت ئەو ئیدیۆمە بۆ دەست گرتن و توانای مادی و دارایی ووتراوە، هەروەها وەکو نزا و پاڕانەوەش بەکارهاتووە یاخوا کەس لە گەڵیا نەچێتە ژێر بەڕەیەکەوە ئەوە هەر بۆ بەدکاری و ناڕەسەنی بە کاردەهێنرێت، یان( ئەوەی لەبن بەڕەیە بخە سەر بەڕەی) واتە: هەر شتێک نهێنییە و تا ئێستا نەت درکاندووە، یان ئەوەی پێویستە باس بکرێت بیهێنە دەرەوە لە ژێر بەڕەکە، ئەو پەڕۆ و پاتە و داوە بەن و ڕیسەی کە بەڕەی لێدروستکراوە، کۆن دەبێت و دەخورێتەوە و دەسوێتەوە و لەلایەکەوە تەنک دەبێت، هەر کاتێکیش ڕاکێشانێکی کەمی لەسەر بێت ئەو شوێنە تەنکە دەدڕێت، ئەوە کراوە بە ئیدیۆم و بۆ خەڵکی کەم دەرامەت و هەژار و نەدار و دەست کورت دەوترێت: کاتێک تەنها شتەکی هەبێت بە هۆی بارودۆخێکەوە لە دەستی بدات کورد لەو حاڵەتەدا دەڵێت: بەڕە لەلای تەنکیەوە دەدڕێت.

**١١٨-بایەخی بەرد لە ئیدیۆمی کوردەواریدا:-**

لە دێهاتەکانی کوردستان بەرد زۆر بایەخی پێدراوە، کورد لەسەر بەرد دەڵێت: لە لادێ بەرد ژیانی تێدایە، چونکە لە بەرد زۆر پێداویستی دابینکردووە وەکو: ئاگرکردنەوە بە بەرد، دروستکردنی کەوچک و لەگەن و دەفر، چەقۆ و ڕم و نێزە، کردویەتی بە بەردەباز و دیوار و خانووی حەوانەوە، کەلو پەلی دەستاڕ و بەردە جۆنی و سیوسیوەی دەرگا و تاتەشۆر و چیلە و کەڵەکە بەرد و ..تاد، لەبەر ئەو هەموو گرنگیەیە وتراوە: بەرد ژیانی تێدایە.

لە کوردەواریدا بەرد خزێنراوەتە ناو زۆر ئیدیۆمی ترەوە لە هەر شوێنەی مانا و گوزارشت و تایبەتمەندی خۆی هەیە وەک: دەڵێی بەردە بەناو گووی دادەدات، بۆ قسەی ڕەق و ناخۆش بەکاردێت، سەد قەل و بەردێک، بۆ بەهیچ سەیرکردنی گردبوونەوەی ناڕەزایی هەندێ کەس و لایەن کە جێگەی مەترسی نین، لە هەناوم

بووە بەرد، بە خواردنێکی خۆش دەوترێت کە دوای خواردنی گوێت لە قسەیەکی ناخۆش بێت یان هەواڵ و باسێکی کارەساتبار، بەرد لە جێگەی خۆی سەنگینە یان بە سەنگە، واتە مرۆڤ لە ناوچە و شوێن و وار و سەر کاری خۆی بە قەدرە لە هەڵقەنان و دەربەدەری و ئاوارەیی و کار و شوێن گۆڕیدا بێ ناز و ڕێز و قەدر و قیمەت دەبێت، بە بەردێک دوو چۆلەکەی کوشت، ئەو ئیدیۆمە لەکاتێکدا دەوترێت: کە مرۆڤ بە هەنگاوێک یان سەفەرێک یان کارێک دوو ئامانج و مەبەست بپێکێت و جێ بەجێ بکات وەک: لەسەردانیدا بۆ شارێک دوو کار ئەنجام بدەیت.

**١١٩-بارنەبەر، بەشی نەقیزە و دارە:-**

دەوترێت:(لە کەریان پرسی مەنزلت کوێیە؟ وتی: نەقیزە دەزانێ)، هەروەها وتراویشە:( کوتەک دەزانێ، قۆناغ لە کوێیە؟)، بارنەبەر واتە ئەو وڵاغە بارەبەرەی کە لە گواستنەوەی بار و کەل و پەلدا خۆی دەگلێنێ و خراپ بارێ دەبات و خۆی بە پاش دەدات، ئەوا خاوەنی کەروبار نەقیزیەکی دەسرەوێنێتە پاشەڵ و لا قەبرغەی، نەقیزە دار دەستێکی درێژە بزمارێک بە سەرەوەیەتی وڵاغی پێ لێ دەخوڕن، ئەگەر کەسێک کارێک نەکات و ترسێکی پێ نیشان بدرێت ئەوا لە بەر ترسەکە کارەکە بەخێرایی ئەنجام دەدات و کورد بۆ ئەوەش وتویەتی: بارنەبەر، بەشی نەقیزە و دارە.

**١٢٠-باری کەر، هەمیشە قورسە:-**

کەر، گوێدرێژ، لە پۆلی باربەرەکانی وەک حوشتر و ئێستر و بارگیرە، هاوشێوەی ئەو ئیدیۆمە وتراویشە: کەر باری بڕنەو بێت گورگ دەیخوات، لە دێر زەمانەوە مرۆڤ شارستانیەتی لەسەر پشتی ئەو ئاژەڵە پشوو درێژ و ئارامگر و دانبەخۆداگر و بەستەزمانەدا بونیادناوە و گەشەیپێداوە، هەر ئەو ئاژەڵەیە کە هەموو کارێکی قورسی گواستنەوەی پێکراوە، ئاژەڵی کەر، گوێدرێژ لەناو کوردانددا بووە بە هێما و گوزارشتی دەبەنگی و نەفامی و نەزانی بۆیە لەبری نەزان بە کەسێکی نەفام دەوترێت:(کەر)، لە بنەمادا ئاژەڵی(کەر) بۆ باربردن و گواستنەوەی کەلوپەل بەکاردەهێنرێت و هەندێجار پێشی دەوترێت:(بارەبەر)، چ مرۆڤ(کۆڵبەر) بێت، چ ئاژەڵ(بارەبەر) بێت، بە زەحمەتکێش ئەژماردەکرێت، ئەوە لایەنە ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکەیە، وەکوو ئیدیۆم بە کەسێکی نەزان و نەفام و

لەبەر کەیف خۆشی و دڵخۆشیەکی فرە، ئەو خۆشیە زۆرە وادەکات هەست لەلای بێت، بۆیە ئاگای لەدەوروبەرەکەی خۆی دەبڕێت، جاروباریش هەیە بەهۆی بیر و سەرقاڵیەوە بەهەردوو چاوی سەیرت دەکات کەچی تۆ نابینێت چونکە بەچاوی دڵ تۆ نابینێت و چاوی سەریش خوێندنەوەت بۆ ناکات، لە هەموو ئەو کاتانەدا دەوترێت: فڕ چاوی نابینێت، ئەو حاڵەتە واقیعی و داکەوتانە ئەوەندەی فیزیکین ئەوەندە بەرجەستە نین، چونکە چاوەکانی ساغن و بیناییان لە ڕاستیدا زۆرباشیشە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بە کەسێک یان بە ڕەوتێک دەگوترێت کە بێ لێکدانەوە، کوێرانە و نەفامانە کارێک ئەنجام دەدەن و ئایندەی هەنگاوەکانیان ناخوێننەوە و نابینن وەکو سەر لێشێواو دێنە بەرچاو، بە بکەرانی ئەو کارانە لە کوردەواریدا بە نیگەرانی و دڵتەنگیەوە دەوترێت: بەر پێی خۆی نابینێت، یان بەرپێی خۆیان نابینن واتە: سەر لێشێوان.

**١٣٩-بزنە بە تەگەیە:-**

بزن یەکێکە لەو ئاژەڵانەی لە کاتی بەتەگە هاتن (ئارەزووی جووت بوون لەگەڵ نێری بکات) یەک بەخۆی دەقاڕێنێت و بە قاڕەقاڕەکەی هەموو دەوروبەرەکەی تێ دەگەیەنێت کە بە تەگەیە و دەنگی لە شاخ و گەڕەکاندا دەگەڕێتەوە و دەزرینگێتەوە، ئەگەر ڕانەبزنێک لە دوورەوە ببینێت ڕووی تێ دەکات و بۆی دەچێت و چاو لە نێری دەگێڕێت، بەپەلاری شوانیش ناگەڕێتەوە، ئەو کاتەی دەمی پڕیەتی لە پوش و پەڵاش و گوڵە گەنم و جۆ هەر دەباڕێنێ و دەقاڕێنێ، تەگە، گیسکە نێر لە ساڵی دووەمی تەمەنیدا دەبێتە(خورت) دواتر بە گوێرەی ساڵەکانی تەمەنی دەبێتە(یەک خورت و دوو خورت و سێ خورت) دواتر پێی دەوترێت(تەگە) بەشێوەیەکی گشتیش دەوترێت: نێری و سابڕێن، کاتێک دەگاتە تەگە و تەگەکە بەمرقەمرق وەڵامی دەداتەوە، کە دەکەوێتە بزنەکە، بزنەکە کوڕ دەبێتەوە و کۆتایی بە پڕۆسەی قاڕەقاڕەکە دێت، ئەو بارودۆخەی بزنەکە کە بەتەگە دێت لەلایەن شوانکارەکانەوە تێبینی کراوە، بووە بەو ئیدیۆمە و بە کچێکی حەز لەشوو و بەسەرە دیقە و حریتە و بێ شەرم و ئاگر تێ بەربوو بۆ مێرد دەوترێت: بزنە بەتەگە.

**٣٢٦- پیرێژنێ دۆ لێ ڕژاو:-**

دۆ، دوای ئەوەی ماست و ئاو لە مەشکەی دەژەنرێت و کەرەی لێ درووست دەکرێت، چەوری ماستەکە دەبێتە کەرە، ئاوەکە و ئاوی ماستەکە دەبێتە دۆ کە ترش و مزرە و خواردنەوەیەکی زۆر بەتام و خۆشە، ئەو دۆیە بە زەحمەت بەرهەم هاتووە ئەگەر برژێت زیانێکی گەورەیە لە خاوەنەکەی دەکەوێت، ئینجا ئەگەر پیرەژنێکی داماویش بێت دەبێت حاڵی چۆن بێت دوای ئەو زیان لێ کەوتنە، بۆیە ئەو حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و لەڕووی سووکییەوە بە یەکێک یان کەسێک کە بۆ زەرەر و زیانێک زۆر خەمبار بێت و پێوەی دیار بێت دەڵێن: دەڵێی پیرەژنی دۆ لێ ڕژاوە.

**٣٢٧-پاروویەک کەمتر، برایەک زیاتر:-**

مرۆڤ زۆر چاوچنۆکە ئەگەر بنەمایەک بۆ کەمکردنەوەی ئەو چاوچنۆکیەی نەگرێتەبەر زیانی پێ دەگەیەنێت، بۆ نمونە لەو ئیدیۆمەدا بەئاشکرا وتراوە: پاروویەک کەمتر، برایەک زیاتر، واتە ئەگەر لە کەمێک یان هەندێک لە داهات و خواردن و پێداویستی خۆت ببوری ئەوا کەسێکی تر پێداویستیەکی پڕ دەبێتەوە و بۆیە لە زۆر خواردندا ئەو ئیدیۆمە کورتکراوەتەوە و دەوترێت پاروویەک کەمتر، برایەک زیاتر.

**٣٢٨-پیاوکوژ گوێچکەی قیتە:-**

پیاوکوژ، لەکوردەواریدا بە دوژمندار ئەژمار دەکرێت، دوژمنداریش تا ئاشتەوایی نەکات هەر دەبێت خۆی بپارێزێت لە کەسوکاری کوژراوەکە، یەکێک لە ئەدگارەکانی خۆپاراستن گوێ قوڵاغی و قیتیە، بۆ بیستنی خەبەر و باسان بۆیە ئەو حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم دەوترێت(پیاوکوژ گوێچکەی قیتە) واتە ئەوەشتێ بەخۆی شک ببات بە گوێ قوڵاغی وریاییەوە مامەڵە و هەڵس و کەوت دەکات.

**٣٢٩-پەمۆش لە شارەزوور زۆرە:-**

خورما لە بەغدا و خانەقین و گوێز لە هەورامان و هەنار لە شارەبان و نازەنین و ...تاد، زۆر ئیدیۆمی تری هاوشێوە لە کوردەواریدا هەیە و دەگوترێن، دەشتی پان و بەرین و بەپیت و پیز و بە ئاوی (شارەزوور) زۆر باشە بۆ چاندنی ڕووەکی پەمۆ، کەواتە لە شارەزوور پەمۆ زۆرە و لە دەشتی قەراج و کەندیناوەی کەمە، ئینجا نەبوونی شتێک و گران بەدەست کەوتنی لەشوێنێک

ماڵه و کەم پیاوان لەماڵ دەبن بۆیە وتراوە: پیاو بای دەشتێیە.

**٣٣٩-پاڵ بە دیواری ڕووخاوەوە مەدە:-**

وتراویشـەـ: پـێ لـە تەختـەی چـروک مـەنێ، ئـەو دیـوارەی درز و کەلەبـەر و ڕوخانی هـەبێت، جێگای متمانـە و پشـت پـێ دان و پشـت پـێ بەسـتن نییـە، نابێتە نوان و داڵدە و پەناگـە و سـێبەر، چونکـە هـەر کاتـەکی بڕوخێت دەڕوخێت، ئـەوە کـورد وەکـو ئیدیۆم بـەکاریهێناوە بـۆ ئەوانـەی پشـت بـە کەسـانێک دەبەسـتن کـە جێگـەی بایـەخ و گرنگیدان و پشـت پـێ بەسـتن نـین، چونکـە تیابەسـتە نـەبوون و بەکەڵکی ئەوە نایەت متمانەیان پێ بکرێت بۆیە کـورد بەتـەوس و درکـەوە دەڵێت: پاڵ بە دیواری ڕووخاوەوە مەدە.

**٣٤٠-پێوەدان لە ویزە ویز(گیزە گیز)ی خۆشترە:-**

مێشـــەکانی وەکو(هـــەنگ و زەرگەتـــە و ســـوێرەموس و زەنگەســـتوورە و مێشـەکەرانە و مێشـە سـەیانە) ویـزە ویـز یـان گیزەگیـز یـان گزگزەیـان هەیـە، لەدەوروبـەری شـاری هـەر کامێکیـان بیـت، ویزەویزەکـەیان زۆرتـر دەبێـت و بەدەورتدا دەخولێنەوە و دەسوڕێنەوە و ئامادەکاریش دەکـەن بـۆ پـەلامار و چـز لێگرتن، هەڵبەت ویزە ویزە و گزگزەکەیان جاڕسە، بۆیە ئـەوە بـووە بـە ئیدیۆم و لەکوردەواریـدا بـەناز و نـوز و منـەتبارکردن و پێفرۆشـتنەوەی چاکەیـەک یـان هەڕەشە و گوڕەشـەی بێ کردار کورد وتویەتی: پێوەدان لە ویزە ویزی خۆشترە.

**٣٤١-پەرێز لە ئیدیۆمی کوردەواریدا:-**

دوای دروێنەی گەنم و جۆ و کۆکردنەوەی مـەڵۆ و سـوارە و کیشـە و قرشـە و گواستنەوەی بۆ سەر بێدەر و خەرمان و چۆخین، ئەوەی دەمێنێتەوە لە قەسەری بەرداس نەکەوتوو، دەبێتە لەوەڕی مەڕومالاَت پێی دەوترێت: پەرێز، بەر لـەوەی ئاژەڵ پەرێزەکە بخوات لەبەر ئەوەی پڕییەتی لە وشوو-هێشووی وەریووی گەنم و جۆ، پێی دەوترێت: گەرمە پەرێز، جوتیاری کورد، لـە بـەر بـەپیتی و بـە کـەڵکی پەرێز، ناوی لە کیژەکانی ناوە: پەرێز، ئەو سەپان و پالاَنەی کە چوست و چالاک و ئازا و شارەزا بوون لە داس وەشاندن و گرتنی قـەزناغ و سـوارە تێکچـڕژان و بەستانەوەی مەڵۆیان، کەمترین گوڵە گەنم و جۆ لە دەستیان پـەڕیوە و پـڕژاوە و هیچ داوەرێکیان نەبووە بەو سەپانانە ووتراوە: پـەرێزیان پاکژە یـان بـێ داوەرن، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ ڕابردوو پاکی هەر مرۆڤێک کە گەندەڵی و خراپـەکاری

نـەکردبێت دەوترێـت: پـەڕێزی پـاکژە، پێچەوانـەش وتـراوە: پـەرێزی پـاکژ نییـە، هەنـدێجاریش وتـراوە: سـپیکردنەوەی پـەرێز، ئەگـەر کەسـێک ڕابـردووی پـڕ گیروگرفت و بەرزی و نزمی و خراپەکاری و گەندەڵکاری و خوێن ڕشتن بێت، خۆی باس لە خۆی بکات بەتەوسەوە پێی دەوترێت: ئەمە سپیکردنەوەی پەرێزە، هەروەها وتراوە: ئەگەر مەڕمان نەدیبێ لە هەوێزێ، قشپلمان دیووە لـە پـەرێزێ، هەوێز شوێنی حەوانە و پشوو دانی ڕانە، لەبەر ئەوەی زۆر تێرە و کاتی پشـووە زۆرترین پاشەڕۆی پشقڵ و قشپل دەکات و هەوێز ڕەش دەچێتەوە، ئەوە ئەگەر لە دانگە لەوەڕی باشی بوو بێت وەک: گەرمـە پـەرێز بـە نمونـە، لـەناو پـەرێزیش لەبەر تێر و پڕی بەهەمان شێوە سل و قشپلی خۆی دەکات، هەندێجار کەسانێک دەیانەوێت خۆ لـە خـەت بدەن و هەندێ ڕاستی بشارنەوە کوردیش بـەو پـەڕی متمانەوە دەڵێت: ئەگەر مەڕمان نەدیبێ لە هـەوێزێ، قشـپلمان دیووە لـە پـەرێزێ، واتە قسە لە ئێمە مەشارەوە دەزانین چ گوزەراوە و دەگوزەرێ، بە خۆپارێزی و تێکەڵی کەسـی تـر نـەبوون و خۆدوور گرتن و دوورکەوتنـەوە، تـوخن نەکـەوتنی بـاس و خواسـیش وتـراوە: دوورە پـەرێز وەسـتان، هـەروەها چەنـد ئیـدیۆمێکیتر لەسەر پەرێز هەیە وەکو: زەرفی عەلاگە دەباتە پەرێزێ، پەرێزی پاکژ نییە، چاوی ڕەش کرد بۆ هەوێزێ، تۆشمان دیوە لە پەرێزێ، پەرێزە و بێ ڕێزە.

**٣٤٢-بووە بە پێخوست:-**

شوێنێک زۆر هاتوچۆی بەسەردا بکرێت دەوترێت: بووە بە پێخوست، زۆربـەی جـاران ڕانـە مـەڕ و بـزن و گایـەل و ڕەوکـەوان و بـەراز و ئەسـپ و ئێسـتر بـە شوێنێکدا بڕۆن دەوترێت: ئـەوە پێخوسـتی ئـەو ئاژەڵانـەیە، ئینجا لـە کوردەواریـدا ئەگـەر ماڵێـک زۆر خـەڵک بـە میـوانی ڕوویـان تـێ بکـەن یـان بەسـەردانی زۆر هەراسان و جاڕس بکرێن دەوترێت: فڵانە ماڵ بووە بە پێخوست.

**٣٤٣-پرسە خەسووانە:-**

پرسـە گورگانەشـی پـێ دەوترێـت، ئـەوە جـۆرە ڕاوێـژ و پـرس پێکردنێکـی سەرکەش و ڕووکەشانەیە، کەسێک بە کەسێکی دەکات، ئەو کەسە لەسـەر پرس و بابەتەکە بڕیاری خۆییداوە، تەنها بۆ قسە بڕین و گلەیی بڕینە، ئەگەر نا بە هیچ شێوەیەک گوێ بە بیر و بۆچوون و پێشنیاز و پێشنیازەکانی نادرێت و بەگوێی ناکرێت کورد بۆ ئەو بابەتانە فەرمویەتی: پرسە خەسووانە.

له سەردەمی دەسەڵاتی ئاغا و شێخ و مەلا و کێخوادا، که ڕژێمی دەرەبەگایەتی بەر قەرار بووە، ئەوەی سەرکار و نۆبەداری ماڵی ئاغا بووە پێی وتراوە: پیاوانی ئاغا، ئینجا ئەو پیاوانی ئاغایە لە کوردەواریدا بە جۆراوجۆر ناوی بردراوە وەکوو: (پیاوی خەڵکی، دەستکەلا، کوتەک، مقاش)، دار دەست کە لێرەدا بەکارهاتووە هۆکارەکەی ئەوەیە مرۆڤی کورد زۆربەی کات لە کێو و هەردان و کاروان و ئاژەڵداری و کاروباری کێڵگەدا دارێکی شێوە گۆچان و گۆپاڵ و چەرەگە و بەرچیخ و پەلار پێ بووە بۆ خۆپاراستن و خۆ پێوە گرتن و ڕۆیشتنی، هەر لەبەر ئەوەشە بە پیاوانی ئاغا و شێخ و مەلاکان وتراوە: داردەست، ئەوانە زۆربەی جاران کاری خراپیان پێ ئەنجام دەدرا، بە تەوس و بێ ڕێزییەوە پێیان وتراوە: داردەست یان داردەستی ئەم و ئەو.

**٧٢٧- دەڵێی موو خۆرکەنە:-**

مووخۆرکە، زیندەوەرێکی بچووکە دەچێتە ناو موو و شی دەکاتەوە وەکوو خۆڵ و گڵی لێ دەکات و دەیکاتە خۆڵەپۆت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم ئەگەر دوو کەس بۆ یەکتری زۆر دڵسۆز و خەمخۆری یەکتری بن دەوترێت: دەڵێی موو خۆرکەنە.

**٧٢٨-دەڵێی مریشکە کڕە:-**

مریشک دوای ئەوەی بە هێلکە هات، ئەو ورە و هێلکانەی کە لە هەناویدایە دەیکاتە هێلکە و پاش ماوەیەک لە هێلکە دەچێتەوە و کورک دەبێت، خاوەنەکەی هێلکەی دەخاتە ژێرییەوە، ئەگەر مریشکەکە سەرەمر نەبێت و مریشکێکی باڕۆکە بێت، ئەوا ژمارەیەکی کەم هێلکەی دەخاتە ژێرەوە، مریشکەکە لەسەر ئەو هێلکانە دەکەوێت، بەو هەڵنیشتن و کەوتنە دەوترێت: کڕبوون، ئەو کڕبوونە سێ هەفتە، ماوەی(٢١) ڕۆژ و شەوی پێ دەچێت، تا هێلکەکان بقرنجێن و جوجەڵەکانی ناویان بێنە دەرەوە، ئەو کڕبوونەی مریشک بووە بە ئیدیۆم و بە کەسێک دەوترێت: کە زۆر کەم بچێتە دەرەوەی ماڵ و هەر لە ماڵ بمێنێتەوە دەوترێت: دەڵێی مریشکە کڕە.

**٧٢٩- دەم تەڕی، کاسە وشک:-**

وشە و دەستەواژە و ئاوەڵناو دەخرێنە پاڵ ناوە سەرەکیەکەوە وەکو: هەولێری بەجوجکەکی ناوێری، کۆیی و خۆیی، سابونە ڕەقی لە تەقتەقی پشتم تەقتەقی، ڕواندزی کفتە دزی.

**٧٤١-ڕەژی کەری چاولێ کەری:-**

ڕەژی کەریان گوندێکە لە دۆڵی خانەقای وەرتێ لە سنوری ڕواندزێ، ئەو گوندە ناوی لە پشکۆ و ڕەژوو و خەڵوز و سکڵ هاتووە، کە خەڵکی ئەو ئاواییە، کورەی ڕەژوو درووستکردنیان هەبووە، خەڵکەکە وێکڕا ئەو کارەی کردووە و یەک لاسایی یەکیان کردۆتەوە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بە هاوشێوەی خزمانی ڕەژەیکەریان هەر ناوچە و گوندێکیتر هەمان حاڵەتی چاولێکەری و لاساییکردنەوە بگرنە بەر لە ژیان و کار و کاسبی و بەدەستهێنانی بژێوی بە تەوسەوە دەوترێت: ڕەژیکەری، چاولێکەری.

**٧٤٢-ڕۆژ بە پەنجە دەژمێرێ:-**

چاوەڕوانی بە یەکێک لە کارە سەختەکانی مرۆڤ دادەنرێت، کە پشوو درێژی و ئارامی و دان بەخۆداگرتنێکی یەکجار زۆری دەوێت، ئینجا هەندێک لەو چاوەڕوانیانە بە جۆر و شێوازی سەیر گوزارشتیان لێکراوە، ئەگەر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی کەسێکی خۆشەویست یان شتێکی بە نرخ و گران بەها بکەیەت و ماویەکی زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕی بکەیت لە ئیدیۆمی کوردەواریدا بە پەرۆشەوە دەوترێت: ڕۆژ بە پەنجە دەژمێرێ بۆ دیدەنیت.

**٧٤٣-ڕاوە ڕێوی بۆ هێنایەوە:-**

وتراویشە: بووە ڕاوە ڕێوی، ئەمە کاتێک بەکاردەهێنرێت کە بابەتێک بەلاڕێدا ببرێت و تەوەری سەرەکی لە بیر ببرێتەوە، لە کوردەواریدا خواستن و هەرەوەزی و دەستەوایی زۆر هەبووە، کاتێک کەسێک بچێتە لای یەکێک بۆ ئەوەی یارمەتیەکی بدات چ کەل و پەلی کشتوکاڵی پێ بدات یان وڵاغەکانی (گاجووت و ئێستر و گوێدرێژ) بۆ کاروباری ڕۆژنە لێ بخوازێت یان بڕێک پارەی پێویست بێت، ئەگەر خاوەنی ئەو کەل و پەلانە حەز نەکات کەل و پەلی گایەکان و بڕێکی پارەی پێ بدات، ئەوا لێرەو لەوێ بڕوبیانوی درۆینە و پێچ و پەنای بۆ دێنێتەوە، لە کوردەواریدا بەو حاڵەتە وتراوە: ڕاوە ڕێوی بۆ هێنایەوە.

**٧٤٤-ڕەنگی دەڵێی قوڕی بن گووە:-**

کەسێک داواکارییەکی بەپەلەی هەیە و دەیەوێت یەکسەر بۆی جێ بەجێ بکرێت و لە هەمانکاتیشدا جێ بەجێکردنی قورسە و پێویستی بەدان بەخۆگرتن و ئارامی هەیە تا دەتوانرێت و دەبینرێتەوە و دەگونجێت ئینجا بەشوو دەدرێت بۆیە بۆ ئەو حاڵەتانە وتراوە: (شوم دەوێ، زووم دەوێ) چۆن دەبێت.

**٨٩٠-شارەک و گندۆرەیەکیان نەگۆتییە:-**

شار، ژمارەی دانیشتوانی زۆر و گەڕەک و تاخ و خانوبەرە و خێزانی زۆرە، گندۆرەش(کاڵەک)ە، کورد بۆ کەمی شت و مەک و کالا و خۆراک زۆر ئیدیۆمی هەیە وەکوو(کێشکەی بە چڵ و چواران)، یان(پێچک چارە بە ئەژمارە)، یان(گندۆرەیەک و گوندێکیان نەگۆتییە)، واتە شتی کەم بەشی ژمارەی زۆر ناکات، ئینجا لەو ئیدیۆمەی (شارەک و گندۆرەکیان نەگۆتییە) واتە یەک تاقە شت بۆ هەموو شار نابێت ئینجا جاری وا هەیە مەبەست لێی تاکە کەسێک و شارێکیان نەگۆتییە، کاتێک پیاوێک دژایەتی خێزانێک یان خانەوادەیەک یان هۆزێکی گەورە یان شارێکی بیست بۆ سی گەڕەکی دەکات پێی دەوترێت بابە دانیشە: (گندۆرەیەک و شارەکیان نەگۆتییە) واتە دەرەقەتی ئەو هەموو خەڵکەی نایەیت و لەجێگەی خۆت دابنیشیت چاکترە.

**٨٩١-شێر لە هەر کوێ بێت چنگی خۆی پێیە:-**

شێر بە سەرۆکی دارستان دانراوە و هەموو لایەک پێی ڕەزامەندبوون بە باشی و بەخراپییەوە، شێریش لەو ئاژەڵە چڕنۆکدارە دڕندانەیە کە بەکەڵبە و چڕنۆک چەکدارە و بۆ هەر کوێیەک بڕوات ئەو دوو چەکەی پێیە و هەمیشە فیشەک و چەکی سوارە، ئینجا ئەم حاڵەتەی شێر بۆ پیاوێکی ئازا و چاونەترس و قارەمانیش بەکاردێت کە هەمیشە لە ئامادەباشیدایە و پێویست ناکات دڵت پێوەی بێت چونکە ئەو شێوێنراوە بەشێر، بۆیە بەکەسی بەدەستوبرد و گورجوگۆڵ دەوترێت لێی مەترسە: (شێر لە هەر کوێ بێت چنگی خۆی پێیە).

**٨٩٢-شمشێری چاک لە ئاسنی خراپ درووست نابێت:-**

ئاسن لە سروشتدا بە تێکەڵی هەیە لەگەڵ توخم و گەردەکانی تر و قوڕولیتە و ئاو و پاشماوەی جۆراوجۆر، ئینجا کە پوختەکرا جۆری باش و خراپی هەیە، جۆرە باشەکەی دیارە لە بارترە بۆ دروووستکردنی کەرەسەی جەنگی وەکوو(شمشێر) بۆیە وتراوە شمشێری چاک لە ئاسنی خراپ دروووست نابێت

**٩١٣-شیربایی خۆره:-**

له کوردەواریدا کچان که دەگەیشتنه تەمەنی به شوودان، ئەگەر برا و باب و مام و خاڵ بۆ خۆیانیان بەشووبدایه دەوترا: ژنی بۆ برا یان باب و مام و خاڵی کردووه، هەندێکجار ژن به ژنه و جارجارەش گەوره به گچکەیان پێکراوه که بن پشکیان پێ وتووه، جاریش هەبووه چەند خوشکێک تاقه برایەکیان هەبووه، یان تەنیا پیره بابێکیان هەبووه، که به مێرد دراون له باتی ئەو شیرەی دایکیان له زاری ناون و پێی پەروەردە و گەوره کردوون برێک پاره چ بۆ باوکەکه یان بۆ کوڕەکه وەرگیراوه، بەو بڕه پاره یان کەلوپەل و مەڕوماڵاتەی به بیانووی بەهای شیر پێدانی دایکی کچەکه وەرگیراوه، به بەهای ئەو شیرەیان ئەژمارکردووه، دواتر گۆڕانی بەسەرداهاتووه و بووه بەشیربایی: شیر+بەهای، شیری دایک له کوردەواریدا زۆر جێگەی بایەخ و پیاهەڵدان بووه دایک له کاتی توڕەبووندا وەک توک و نزا بەکاریهێناوه: ئەو شیرەت لێ حەڕام بێت، یان وتراوه: فلانه کەس شیری پاکه، یان فرچکی بەحەڕام گرتووه و...تاد، دوای پێشکەوتنی کۆمەڵگا و دوورکەوتنەوەی ڕێژەیی، لەو کلتور و نەریتەی وەرگرتنی شیربایی، ئەو باوک و برایانەی که له کاتی به شودانی کچ و خوشکەکانیان شیربابییان وەرگرتووه، له بەرچاوی خەڵک به سووک و بێ ڕێز دەهاتنه بەرچاو بەهۆی مامەڵەکردنیان بەکچ و خوشکیانەوه، به تەوس و سووک سەیرکردنەوه پێیان دەوترا: شیربایی خۆرن.

**٩١٤-شەکر له ئیدیۆمی کوردەواریدا:-**

شەکر، بەرهەمێکی ڕووەکییه، چ له قامیشی شەکر چ له چەوەندەری شەکر بێت، شیرینه و له زۆرێک له خواردنەوه وه خۆراکەکاندا، کەرەسەی سەرەکییه، له بەر شیرینیەکەی بووه به ئاوەڵناوی ستایش بۆ مرۆڤەکان و له زۆر ئیدیۆمدا جێگەی گرتووه، وەک: شەکرەسێوه، شەکره پیاوه، شەکره ژنه، شەکره کوڕه، هەریەک لەو دەستەواژه و ئیدیۆمانه بۆ مرۆڤێکی شیرین زار و ڕەفتار جوان و هەڵس و کەوت باش دەوترێن، وتراویشه: فلانه کەس شەکره به هەموو شتێکەوه دەخورێت، واته: دەتوانێت لەگەڵ هەموو کەسێک بگونجێت.

شەکر له دەمی دەبارێت، هەندێ له مرۆڤەکان که دەکەونه ئاخاوتن، سەرنج و هۆشی دەورووبەر به تەواوەتی بەلای خۆیانەوه ڕادەکێشن، بەهۆی زمان

گوزارشتی پیسی و بەدی بۆ بەراوردکردنی وتراوە: فڵانە کەس لە چاو ئەو بە حەوت ئاوان شوراوەتەوە، کردەوەی چەپەڵی هەندێک کەس و بەیدومی و دەست ڕەشی و بێ خێریەکەی بووە بە ئیدیۆم و بە تەوس و گاڵتە و ڕک و کینەوە دەوترێت: قوونێک ئەو بیگێ، بە ئاوی چەغەتوو پاک نابێتەوە.

**٩٩٢-قەیسەری لە ئیدیۆمی کوردەواریدا:-**

قەیسەری: کۆمەڵێک دوکان کە یەک تاق بۆ سەربانیان هەبێت، بەڵام چەند دەرگایەکی بۆ چوونە دەرەوە و ناوەوەی هەیە، لە سەدەی نۆزدەیەم لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا ئەو قەیسەرییانە هەبوون، زۆربەیان لەلایەن کەسی دەستڕۆیشتوو، درووست دەکران وەکو: قەیسەری چەلەبیەکانی شاری هەولێر، قەیسەری نەقیبی شاری سلێمانی، قەیسەری حاجی بەکراغای حەوێزی کۆیە، قەیسەری کفری، ئەو دوکانانە سەری هار و ماری لێ دەست دەکەوت، بازاڕێکی گەورەی هەمەجۆر بوو لە خۆراکە وشکە و بەهارات و بەقاڵی و بەزاز و قەساب و زێڕینگەر و ئاسنگەر و نەجاڕ و مسگەری و دەباغچی و چایخانە و هەلاج و پەتۆ فرۆش و بەرگدروو و ...تاد، ئەو پڕ بایەخییەی وایکردووە، ببێتە بنەمای درووستبوونی ئیدیۆمی کوردی وەکوو: کونە مشکی لێ بووە بە قەیسەری، لە کاتی ڕاوەدوونانی کەسێک، ئەو کەسەش زۆر بترسێت و خۆی حەشار بدات لە شوێنێکی بچووکی تەنگەبەر، لە کوردەواریدا بەتەوسەوە پێی وتراوە: هێندە ترساوە: (کونە مشکی لێ بووە بە قەیسەری)، هەر هەمان ئیدیۆم وەکو جلوبەرگ لە هەندێ ناوچەدا وەردەگێڕدرێتەوە و دەوترێت: قەیسەری لێ بووە بە کونە مشک، ئەمەش هەر لە ترسانە، ئەو بازاڕە گەورە و فراوانەی لێ وێکهاتۆتەوە و بەرچاوی تاریک بووە و وا هەست دەکات لە کونە مشکێکە لە بەر دڵ توندی و ترس و گرفتێکەوە کە بۆی دروستبووە یان بۆی دروستکراوە، هەروەها شاعیری کورد لە دەقە هۆنراوەکانیاندا بەکاریانهێناوە نمونەی وەک فایەق بێکەس کە فەرمویەتی: زەڕەیەک خاکی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری، جۆگەلە و کانی وەکوو کەوسەر هەوای وەک جەننەتە، هەڵبەت ئەو قەیسەریانەش لە کۆشک و تەلاری قەیسەری ڕۆمەکانەوە هاتووە، کورد بە کەسانی خۆپەرست و هەڵپەرست کە بۆ شتی بچوک و دەسکەوتێکی کەم کاری نابەجێی وەک کەری دێزە و خۆفرۆشی و کاولکاری دەکەن وتویەتی: بۆ دەسماڵێک قەیسەریەک ئاگر دەدات، هەر لە کوردیپێدیادا دوو شوێنی کوردستان ناویانهاتووە وەکو ئیدیۆم دێتە گۆ بەڵام ناوچە و گوندن

ئەوانیش: دەرە قەیسەرییە و کونەبای قەیسەریان.

**٩٩٣-قاز لە ئیدیۆمی کوردەواریدا:-**

قاز، مەلێکی مل درێژی گەورەی دەندوک و پێ پانە، وشکاوەکییە، لە ئاو و وشکانیدا هەڵدەکات، لە مراوی گەورەترە، پەلەوەرێکی ماڵییە و کێویشی هەیە، زۆر هەستیارە بۆ پاسەوانیش دەبێت، لە کۆنەوە مرۆڤ ناسیویەتی و ئاشنای بووە و بەخێویکردووە، لە کوردەواریشدا چەندین ئیدیۆمی لەسەر وتراوە، وەک دەڵێی ڕۆنی قازیان لێداوە بە شێوەیەکی تریش دەوترێت: ڕۆنی سەگی لە قەلب درایە، پەلەوەری قاز یەکێکە لە خۆراکە پایزییەکانی کورد، لەگەڵ هاتنی سەرماوەرز زیاتر دەخورێت و خۆراکێکی بە تام و بەلەزەتە، بە فرۆجاوی و ئاوی خۆییەوە دەکرێتە مەرەگە و زیاتر لەگەڵ پڵاوی قەرەخەرمان و ساوار، کەیبانوەکان لێی دەنێن، قاز چەورییەکی زۆری هەیە، لە کاتی خواردندا بە تەواوەتی هەست بەو چەورییە زۆرەی دەکرێت، ڕۆن لە پێست و شان و باڵ بدرێت ئەوا جموجۆڵ و بزاوتی مرۆڤ خۆش دەکات، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە بە شتێک یان بە کەسێک زۆر خۆشحاڵ بێت دەوترێت: ڕۆن قازیان لێداوە، خاسیەتەکانی قاز زیاتر وایکردووە کە نمونە بە قاز بهێنرێتەوە، بۆ نمونە کاتێک قازێکی پێ پان و مل درێژ بێ گوێدانە هیچ شتێک مل دەنێت و دەڕوات بەڕێوە، هەست بەو شتانەی دەوروبەری ناکات، کە هەنگاو بنێت و زیان نەگەیەنێت بە خۆیی و دەوروبەری، ئەوە کراوە بە ئیدیۆم و بە کەسێکی نەفام و هیچ نەزان کە بۆ یەکەمجار چوبێتە شوێنێک دەوترێت: قازە، واتە: تازەیە و هیچ نازانێت، ئەوە بۆ خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی زانکۆ تا ئەمڕۆش پەیڕەو دەکرێت، بە خوێندکارانی قۆناغی یەکەم دەوترێت: قاز.

هەروەها بە کەسێکی دەنگ گەورە و دەنگ بەرز دەوترێت، کە زۆر قسان بکات و مێشکی خەڵکی ببات و لە نزیکەوە گوێی خەڵکی کەڕ بکات بە تەوسەوە پێی دەوترێت پەکوف ئەو دەنگە چییە؟ دەڵێی گۆشت قازت خواردووە.

لە کوردەواریشدا بیروبۆچون وابووە و باو بووە، ئەگەر کەسێک گۆشتی قازی بخوات، دەنگی خۆش دەبێت، بۆیە هەر کاتێک کەسێک گۆشتی قازی بخواردایە بە گاڵتەوە دەیانگوت: یاڵڵا حەیرانەیەک یان گۆرانییەکمان بۆ بڵێ، چونکە گۆشت قازت خواردووە، هەروەها ئەگەر کەسێکیش دەنگی لە تێرییەوە بهاتبوایە دەیانگوت: گۆشت قازی خواردووە.

هەروەها بۆ جوانی کیژ و کاران، لار و لەنجە و گەردەن و پان و پۆڕی مەلی قاز

سەردەمی ئارامیەکان بەتایبەت شاری(حەڵەب)، لە خۆراکێکی ڕۆژهەڵاتیەوە بووە بە خۆراکێکی جیهانی، نەرم و بەتام و بێ ئێسقانە، پڕ تام و بۆیە، بە لەزەتیەکەی گاڵتە و گەپی لێ درووستکراوە، دەوترێت: جارێک کابرایەک دەچێتە ماڵێک، فەرمووی نان خواردنی لێ دەکەن، ئەویش دەڵێت: نانم خواردووە، ئەوانیش دەڵێن: کورە وەرە برام کەبابە، ئەویش دەڵێت: خۆ کەباب سەگە شوێنی خۆی دەکاتەوە، هۆزانڤان و بوێژان و خۆشەویستان و عاشقان لە حەسرەتی گەیشتن بە ئازیزانیان لە لاوانەوە و هۆنراوەکانیان وتویانە: دڵ و جەرگ و دەروون بووە کەباب، واتە: ڕەنجەڕۆ و دڵ و دەروون و جەرگ پارە پارە و کوتراو و برژاوە و سوتاوە بێ وەسڵی یار، نمونەی شیعری شاعیران لەو بوارەوە زۆرە وەک:

سافی هیرانی فەرمویەتی:

دڵ بویتە کەباب بۆ مەزەی دیدەی مەست
قوربان ئەوە مەعلوومە کە لێوت نمەکینە

نالی فەرمویەتی:

دەروونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ
دڵم گەرمە و هەناسەم سەردە بێ تۆ

هەروەها لە دەقی فۆلکلۆری کوردەواریشدا وەکو بەستە و بەندی گۆرانی هاتووە:

جەرگ و دڵم بوو بە کەباب
جێم مەهێڵە کافر باب

وتراویشە: نەشیش بسووتێت، نە کەباب، بۆ کارێک دەوترێت کە هاوسەنگی و میانڕەوی تێدا بێت لە مامەڵە و ڕەفتار و ئاشتەوایی و قاڕسی و کڕین و فرۆشتن و...تاد.

**١٠١٧-کاسە کە چەور بوو، ئاو ناگرێتە خۆی:-**

کاسە لە کۆندا دەفرێکی دارین بووە، ئاو و ماستاویشی تێکراوە و بۆ خواردنەوە بەکاهێنراوە، بەڵام ئەگەر کاسەیەکی دارین، هەندیک ڕۆنی تێ بکرێت یان خواردنێکی چەوری تێ بکرێت، ئەوا خاسیەتی پێشتری لە دەست دەدات بە هۆی گرتنی ڕۆنەکە و چەور بوونی، ئەوە کراوە بە ئیدیۆم و هاوشێوەی: کراسێ بدڕێنی بە پیسی، سەدی بدڕێنی بەخاوینی کەس بڕوای پێناکات، لێرەش مرۆڤ

کردی به بنێشته خۆشەی ژێر ددانی.

**١١٠٤-کەس نازیشی هەیە، گازیشی هەیە:-**

کەسوکار، خزمایەتی خوێن، ئەو کەسوکارەی کە باب و برا و مام و برازا و بن عام و خزمی پشتێ دەگرێتەوە، ئەوانە خوێنی یەک کەس لە دەمارەکانیاندا هەیە و بە سیستەمی خێڵ و هۆزگەرایی، هەندێک ماف و ئەرک لە نێوانیاندا هاوبەشە، پاراستنی ئەندامانی خێڵ و ناموس و خوێنگری و شکۆی خانەوادە و بنەماڵە و هۆز و گەورە و بچوکی و داب و نەریت و هەرەوەزی و کۆمەک و بەشداریکردن لە خۆشی و ناخۆشیەکانی یەکتری هەموو ئەوانە ناز و منەتباری لێ دەکەوێتەوە بەرامبەر یەکتری لە ناو کەسوکاردا، لە ڕوویەکیتریشەوە بەهۆی نزیکی لە یەکترییەوە هەندێجار(تەماع) و چاوتێبرین لە زەوی و زار و ناوان بەزاندن و ناموس هەتکردن و ملومۆی بۆ کچ و ژن و ڕزق و ڕۆژوو و دەست بەسەراگرتن و بەدەستهێنان و بردنی پلە و پایە و براگەورەیی و خۆفەڕز کردن و سەپاندن و...تاد، دەبێتە هۆی گازگرتن و کوشتن و بڕین، هەموو ئەوانە لە نێوان خزم و کەس و کار لە منەتباری و چاوتێبڕینەوە بووە بەو ئیدیۆمە جوانە و کورد بەدرکەوە وتویەتی: کەس نازیشی هەیە، گازیشی هەیە واتە: خزم و کەسوکار خراپیشی هەیە و چاکیشی هەیە، پیرەمێردی نەمریش لە چوارینە پەندێکدا ناوەڕۆکی هەمان ئیدیۆم دەخاتەڕوو:

دەڵێن چاکترە کەس لە بێگانە
لە کاتی دەرد و ڕەنج و تەنگانە
بەڵام داخەکەم گەلێ کەس و کار
دەکەونە گیانت وەکو مۆرانە

**١١٠٥-کردیانە پەڕۆی بێ نوێژ:-**

لە کۆندا کە کچان و ژنانی کورد دەچوونە سوڕی مانگانەوە، پارچە پەڕۆیان بەکاردەهێنا و بەگوێرەی خوێن بینینەکە، کچان و ژنان زوو زوو دەیانشوشت، لە شەرم و ترسی ئەوەی باب و برا و کوڕەکانیان نەیبینێت، هەر بە تەڕی لەبەریان دەکردەوە، زۆرجاران ئەو حاڵەتە دەبووە مایەی هەوکردن و ئازار و نەخۆشی ژنانە، سوڕی مانگانە لە کۆمەڵی کوردەواریداپێشی دەوترێت: بێ نوێژی، لەو کاتەدا بێ نوێژە و لە ئەرکەکانی ڕۆژوو و نوێژ دەبوردرێت، ئەو پەڕۆیەشی بۆ

## پیتی ( گ )

**١١١٤-گەیاندیە مریشکە ڕەشەی:-**

لەوەختی خۆی لە فەقێیایەتیدا کاتێک جزمی عەم تەواو دەبوو مامۆستا داوای مریشکێکی ڕەشی دەکرد و دەیوت: مریشکە ڕەشە سەوابە بۆ مامۆستا کەبابە، یان ئەگەر میوان زۆر بمابوایەوە لەماڵە خانەخوێدا دەوترا:کش کش مریشکە ڕەشە میوان شەوەک و دووان خۆشە، ئەگەر منداڵێکیش لەدەشتی کۆیە نەخۆش بووایە دەیانبردە گوندی (خرابە) چەقی شارەدێی (ئاشتی) لای شاخەڕەشە کە چاکێکی لێیە، دەوترا: مریشکێکی ڕەشی بۆ بکوژنەوە و لەسەر شاخەڕەشەی دابنێن مناڵەکە چاک دەبێتەوە، هەموو ئەو نمونانە گوزارشتن لە گەیشتنە کۆتایی شتێک، کارێک، بابەتێک، وانەیەک، ڕێکەوتنێک و...تاد.

**١١١٥-گا لەگێرەی گاوس خۆی، سەری ژان دەکات:-**

لە کوردەواریدا ئەم پەندە بە کەسێک دەوترێت: کە لە کارێک سوود و قازانجەکەی بۆ خۆی بێت، سەرگرانی بکات و خراپ بچێتە ژێر باریەوە، بۆیە گاش بەنمونە وەرگیراوە چونکە سەردەمانی زوو گا کاروباری کشتیاری و وەرزێری ناوکێڵگەی زۆر پێ کراوە بە تایبەت کێڵان و جوتکردن و گێرەکردن، گاوسیش واتە ڕووەکی( گاگۆز) کە لە ڕووەکە پاقلەمەنیەکانە هاوشێوەی(پۆلکە) کە ئالیکێکی باشی گا و گۆلک و ڕەشە وڵاغە.

**١١١٦-گای بە گون دەناسێت:-**

لەناو کوردان وەکوو میللەتانی تری جیهان زۆر پەند و ئیدیۆم لە ئاژەڵداری و کشتیاری وەرگیراوە و بووە بە قسەی توێکڵدار و دیوەخانی پێ ڕازێنراوەتەوە ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردێت کە سیفەت و ئەدگاری کەسێک لە نێربوون و پیاوەتی تێکەڵ بکات، مەرج نییە ئەوەی نێر بێت پیاو بێت و ئازاو پیاوانە بێت، بەشێوەی تریش لە ناو کوردان وتراوە(هەموو سمێڵ سورێک هەمزاغا نییە) هەردوو وشەی سمێڵ و گون لێرەدا یەک ئەرکیان پێ سپێردراوە.

لەو گێرەیدا نییە یان گام لەو جوتەی نییە، واتە: هیچ بەرژەوەندییەکەم لەو بابەت و مەسەلەیە نییە کەباس دەکرێت و خۆم ناکەم بەلایەنگر و دۆستی لایەنێک چونکە هیچ خێرم دەستناکەوێت، کەسێکی بەتەمەن و گەورە بچێتە ناو منداڵانەوە دەوترێت: گای ناو گۆلکانە، بۆ کەسێک هەموو کارێک بە نێرەکەری بکات دەوترێت: کەڵەگایە، کەسێکی مرچ و مۆن و دەم وچاو گرژ و بەد فەساڵ و بەدکار دەوترێت: گای بووغەیە، کەسێکی تێکچەقیوو و تەمبەڵ و لە جێوە بخوات و کارنەکات دەوترێت: گای بنەیە، بە مرۆڤێکی بە تەمەنی پەککەوتوو وتراوە: گای پیر، بۆ شتی ئاشکرا و دیار و بێ نهێنی وتراوە: گای قەش، ئەو گایەی جووتی پێکراوە پێی وتراوە: گاجووت، هەندێجار بۆ گوزارشتی بەهێزی و پڕ وزە و توانای مرۆڤیش دەوترێت: دەڵێی گای جووتە، بەکەسی تێروپڕی سەرشێت و سەرکێشیش دەوترێت: دەڵێی گای شێتە.

مانگا کە بەکەڵ دێت، پێویستە گای بخوا، واتە: گای بپەڕێتێ، ئینجا ئەو حاڵەتە لە ئیدیۆمی کوردەواریدا شوێنی بۆ کراوەتەوە، لە دوو حاڵەتدا بەکاردەهێنرێت، حاڵەتی یەکەم بۆ کیژێکی هاروهاج و حەز لە مێرد و بە جوڵە و بزاوت و هۆرمۆنەکانی هەندێ جوڵەی نائاسایی پێ ئەنجام بدەن، کورد پێی دەڵێت: بە گا هاتووە، حاڵەتی دووەمیش: کاتێک زەوی لە ماوەی زستان بارانێکی زۆری بەردەکەوێت تەواو پاراو و ڕەباس دەبێت، ئەگەر بچیە ناو زەوییەکە پێت لە قوڕ و قوڕە لیتە گیر دەبێت، دەوترێت: زەوییەکە زاوەتەوە-زایتەوە، بەڵام لە دوای مانگی خاکەلێوە و سەرەتای مانگی گوڵان، ئەو ئاوەی کە وەریگرتووە وردە وردە کزر دەبێتەوە، قوڕ و چڵپاو و لیتەی نامێنێت و لەبار دەبێت بۆ کێڵان بەوە دەوترێت: زەوییەکە بە گا هاتووە، واتە: لە بارە بۆ ئەوەی بە گاجووتەکان بکێڵرێت.

**١١٩٩- گڵاو لە ئیدیۆمی کوردەواریدا:-**

لە بیروڕای هەندێ لە پەیڕەوانی ئایینی مەسیحیدا، ژنان کاتێک لە باری خوێن لێچوون و سووڕی مانگانەدا بن، بەگڵاو دادەنرێن، بەڵام گڵاو لەلای کورد وشەیەکی لێکدراوی گڵ و ئاوە، هەردوو ئاژەڵی بەراز و سەگ، ئەگەر بە تەڕی بەر هەر شتێک بکەون، دەوترێت: گڵاو دەبن، بۆ چارەسەری ئەو گڵاوییە، مرۆڤ ئەگەر دەستی بەر سەگ بکەوێت، ئەوا بە خاک و خۆڵ و ئاو دەستی دەشوات، بەمەش دەوترێت: گڵاودەرکردن، کورد بەرازی بەخێو ناکات لەبەر ئەوەی حەرامە لە ئایینەکەی، بەڵام سەگ بۆ پاسەوانی ڕان و ماڵان بەخێو دەکات،

سەگیش لە ئاینی ئیسلامدا بە گڵاو دانراوە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی کورد لە پەیڕەوانی ئەو ئایینەیە، بە چاوێکی پیس و سووکەوە سەیری سەگ دەکەن، زۆربەی ئەو ئیدیۆمانەی لەسەر گڵاوی هاتونەتەوە، هەر بەو شێوەیەن، وەک: سەگی لێ گڵاو دەبێت، واتە: مرۆڤێکی زۆر پیس و قەڵپ و نا ڕەسەنە، یان بەکەسێکی خراپ دەوترێت: لە سەگ گڵاوترە، واتە: سەگ بەو پیسی و گڵاوییەی لەو مرۆڤە باشترە، وتراویشە: بەراز خۆی لەسەگ بدات گڵاو دەبێت، بە دوو کەسی خراپ و بەد دەوترێت کە یەک لە یەکتری خراپتر بن، هەر لە سەر گڵاوی دەوترێت: دەریا بە دەمی سەگ گڵاو نابێت، واتە: کەسێکی خانەدان و هەڵکەوتوو و بەڕێز بە قسەی خەڵکی چەپەڵ و بوختانچی لەکەدار نابێت، بۆ ناکەسی کەسێکی بەدکاریش دەوترێت: سەگ بەشۆرینی گڵاوی دەرناچێ، واتە: ئەو کەسە ناخی پیس و بۆگەنە هەر بە شۆردنی ڕوخسار و ڕواڵەتی، ناوەڕۆک و خاسیەتی ناگۆڕێت، سەی لێ گڵاو بکە، ئەویش بەمانی پیستر لە سەگە، هەروەها بە سادەییش دەوترێت: فڵانە کەس گڵاوە، لێرەدا مەبەست میکرۆب و لیک و تەڕی سەگ بەرکەوتن و نەخۆشی نییە بە واتا ڕاستەقینەکەی بەڵکو مەبەست ئەوەیە کەسێکی باش نییە یان نیەتی لە کاردا هەناو ڕەشییە، هەروەها کە دەوترێت: پیلانی گڵاو، مەبەست لەو جۆرە پیلانانەیە کە دەر ئەنجامی باشیان نییە و بۆ تەڵە دانانەوە دادەنرێن و زیان بەکەسانی تر دەگەیەنێت.

**١٢٠٠-گورگ لە ئیدیۆمی کوردەواریدا:-**

گورگ: ئاژەڵێکی دڕندەی بە زیانە، لە ڕەچەڵەک و بنەماڵەی سەگانە، کێش و قەبارەی هێندەی سەگێکە، مێملی مەڕ و بزن و گیانلەبەرانە، زۆرترین زیانی گەیاندووە بە خاوەن پەز و ڕان و مێگەلەکانی وەرزێر و لادێنشیانی کوردستان، هەر لەبەر ئەوەیە وشەی (گورگ) لە زۆربەی ئیدیۆم و گۆتە کوردەوارییەکاندا ناوی هاتووە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

گورگەخەو: سوکەڵەخەوێک، سەرخەوێک، کەروێشکە خەویشی پێ دەوترێت، بە مانای خەوتن بە ئاگاییەوە، کە کەسی خەوتوو نەچووە بە قوڵایی خەوەوە و گوێی لە خشپە و قسە و گفتوگۆی دەوروبەرەکەیەتی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئەو ئیدیۆمەی لە دەقێکی شیعریدا بەکارهێناوە و فەرمویەتی:

لازمە بۆ شێخ سبەینان گورگەخەو

تابڵێن شێخ عابیده و نانوێ بەشەو

گورگـە: وشـەیەکە بـە گـوێرەی شـوێن ماناکـەی دەگـۆڕێت: هەنـدێجار ماناکـەی: فیڵبـازە، جـاری واش هەیـە نـاوی گژوگیایـەکی زیـان بەخشـە بـۆ ڕووەکـی تـوتن و تەماتە، کە وەک گیاکەڵەیەک لەبن بڕکەکانیان دێت و تا بڕکەکانیان وشک نەکات دەمێنێت هەمان خاسیەتی گورگی هەیە، کە دەتوانێت (١٠) دە کاتژمێر بەبێ خشپە بـۆ نێچیرێـک ڕابوەسـتێت، جاروبـاریش بـەو دارە دەوترێـت کـە سـواندەی سـەر دیوارەکانی پێ دروست دەکرێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و دەوترێت: گورگە دەکا و لێم نزیک نابێتەوە، واتە: دەترسێت و دەڕەوێتەوە و سڵ دەکاتەوە.

گورگە لۆقە و گورگە ئاوڕ: گورگ نەرمـە غـارێکی هەیـە، پێڕۆیانەیـە و هێواشـە و ناوەنـاوەش ئاوڕێـک دەداتـەوە، نەرمـە ڕۆیشـتنەکەی لۆقەکردنـە و ئاوڕدانەوەکەشـی بووە بە گورگە ئاوڕ، لە هەندێ بواردا بۆ هەڵس و کەوتی مرۆڤیش بەکاردەهێنرێت.

گورگەزێ: لە بواری کەش و ئاو و هـەوادا، کاتێک ڕۆژ بـەدەرەوە بێت و بـاران ببارێت بەو حاڵەتە دەوترێت: گورگە زێ لە بیروبۆچووندا وا باوە کە لـەو کاتـەدا گورگ دەزێت.

گـورگ نـەخۆرە: لـە ڕیخۆڵـە و ورگـی ئاژەڵی مـەڕ و بـزن و مانگادا پارچەیـەک هەیە، پڕیەتی لە پیسی و پاشـەڕۆ، زۆر خـراپ خـاوێن دەکرێتـەوە، ئـەو پارچەیـە لەگەڵ سەروپێیەکە نادرێت و فڕێ دەدرێت بـەو پاچەیـە وتـراوە: گـورگ نـەخۆرە، ئەو پارچە گۆشـتە زۆر چـرچ و لـۆچ و گیرفـان گیرفانـە بـووە بـە ئیدیۆمێکیتر بۆ پیرەژنێکی مشتێ چڵ وچێو و ناشـیرین و ناحـەز دەوترێـت: کە کـەس دڵـی بـۆی ناچێت و چاوی لێ نابڕێت.

لە کوردەواریدا، دایک لاوانەوەی بۆ خەوتنی منداڵەکەی کردووە و بۆ ترسـاندن و خەواندنی مناڵەکەی: گورگانە شەوێی بۆ دەڵێت، هەروەها (لوورەی گورگ) یش کراوە بە ئیدیۆم و دەوترێت: گورگە لوراندن، بۆ پرسـکردن و ڕاوێژێـک کـە تـەنیا بۆ ئەوە بێت لە دوا ڕۆژدا گلەیی نەکرێت دەوترێت: پرسە گورگانە.

هەنـدێ ئـاژەڵ و زینـدەوریش گورگـە دەچێتـە سـەر ناوەکانیـان وەکـوو: ماسـییە گورگە، گورگە مێشە بێچوی لە دایکبووی دوو ڕەگ، گوڵـە گـورگ و دێڵـە سـەگ، وەکوو نەخۆشی پێستیش زیاتر لە دەم و چاوی ژنان دەدات، ڕوومەتیان دەکاتـە، پەپکە سوورە و بەو نەخۆشیەش دەوترێت: گورگە سوورە.

**١٢٠١-گولەی پیاوان:-**

گولە: گیانەوەرێکی زۆر بچوکە، بۆ زمانەوانیش بە کەسێکی: پووت و پیس و پەرۆس و تۆزاوی و کورتیلەی ناشیرین دەوترێت، جگە لەمە گژوگیایەکی کوردەواریش هەیە پێی دەوترێت: گولە، سەوزە شێوەی قوڕادەیە، بەڵام پەڵک و لاسکی گەورە و پانترە، هەندێ گوندی هەولێر، زەوی و ئاقاریان هەیە بەناوی ئەو گیایەوە ناو دەبرێن بە گولەدار، ئینجا لە کوردەواریدا بەتایبەت لە هۆنراوەی فۆلکلۆردا زۆر بەکارهێنراوە، حەسەن زیرەک دەڵێت:

هاتووم لەلای بۆکانێ، کورتێ خاڵ دانەدانێ

تۆ پێت لەسەرچاوم دانێ، بۆچ گولە قەدرت نازانێ

هەروەها وتراویشە: لەمن و لە گولەکەی مێردت، کاممانت خۆشتر دەوێت؟

وەکو ئیدیۆمیش بۆ پیاوێکی کورتیلەی ناشیرین بەکاردەهێنرێت کە هیچی تیابەستە نەبێت و هاوسەرێکی باڵابەرز و خوێن شیرین و جوانی هەبێت، بە تەوسەوە بەو مێردە دەوترێت: گولەی پیاوان.

**١٢٠٢-گیسکی قەرداران:-**

زۆرجاران واڕێکەوتووە مرۆڤێک مامەڵە بە شتێکەوە دەکات، لە مامەڵەکەدا بەڵێن بە زۆر کەسان دەدات کە ئەو شتەی پێ بدات، بەڵام دەبێت سەبر و ئارام بگرێت، بەو جۆرە کەسانێکی زۆر تەفرە دەدات و لە خشتەیان دەبات، چیرۆکی پیاوێکی قەرزدار هەیە کە خاوەنی گیسکێک بووە، هەرچی داوای قەرزەکی لێکردۆتەوە، وتویەتی: ئەو گیسکەی بفرۆشم قەرزەکەت دەدەمەوە، بەو جۆرە توانیویەتی قەناعەت بە خاوەن قەرزەکان بهێنێت و لەسەر خەت بیانهێڵێتەوە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ مامەڵە پێوەکردن بە شتێک و بەڵێن بە زۆر کەس دان دەوترێت: وەکو گیسکی قەردارانی لێکردووە.

**١٢٠٣- گونی قۆڕە:-**

خزمێک خراپ بێت هەر لەسەرت ماڵە، چ هاتوچۆی بکەیت، چ هاتوچۆی نەکەیت هەر وەی، کوردیش وتویەتی(گونی قۆڕە ببیڕی هەر وەی نەیبڕی هەر وەی) ئەو ئیدیۆمە زۆر جار بەکاردێت بۆ برا و کەس و کاری خراپ.

**١٢٩٨-له گونی بەران پەنیر دروست دەکات:-**

نه بەرخه نێر فرۆی هەیه و نەبەرانیش شیری هەیه تا پەنیری لێ دروست بکرێت، بەڵام وەکوو ئیدیۆم ئەوانەی ئەزمونیان هەیه و تاقیکردنەوەیان له بوارێکدا زۆره و شارەزابوون و ئەگەر ئارەزوو بکەن و مەیلیان لێ بێت دەتوانن کاری ئەوتۆ بکەن که بەهیچ جۆرێک ڕێی تێ نەچێت، هەندێ شوان و جوتیاری کورد هێنده شارەزان له کاروبار دەتوانن بەلێزانی و کارزانیانەوه هەموو کارێک بکەن بەو جۆره کەسانه به ئیدیۆمەوه دەوترێت: له گونی بەران پەنیر دروست دەکات.

**١٢٩٩-له هەر کەندێ پەندێ:-**

له سلێمانی دەوترێت: له هەر کەنێ پەنێ،کەند و کەنگ و کەندەڵان و کەندڕ سروشت و کەشکاری دروستی دەکات ئەو زەوییانەی که ئاو دایدەڕێت و بەهۆی کرداری ڕاماڵینەوه دروست دەبن، له سەر گۆی زەویدا کەند و لەندی یەکجار زۆر هەیه، له کوردەواریدا کەند و کەندەڵان ئیدیۆمی تریشی لەسەر گوتراوه وەکوو: تا کەندەڵانێک نەڕمێت-نەڕووخێت، کەندێک- دۆڵێک-شیوێک پڕ نابێتەوه، هاوشێوەی(تا برایەک نەمرێت، برایەک دەوڵەمەند نابێت)، هیچ گوندێکی کوردستان نییه، کەند و لەند و شیوەرۆک و دۆڵ و چۆمیلکه و کەندڕ و کەنداڵ و کەندەڵانی جۆراوجۆری نەبێت، که ڕۆژانه شوانکاره و گاوان و جۆتیار و وەرزێر و لادێ نشینان پێیاندا تێپەڕ نەبن، له کاروباری لەوەڕاندنی مەڕوماڵات و مانگا و ڕەشەوڵاغ و وڵاغەبەرزەکانیان یان له هێنانەوەی دار و بارەدار بۆ سووتاندن و پێداویستیەکانی ناوماڵ، یان بۆ کەنگر و کاردو کردن و گژوگیای بەهاره و هاوینه و زستانه و پایزان، لەهەموو پیشەیەکدا بەسەرهات و چیرۆک و گێڕانەوه و ڕووداێک ڕوودەدەن، هەندێکیان دەبنه بنێشته خۆشەی سەرزاران و بۆ ڕۆژگارێکی دوور و درێژ دەوترێنەوه، تا ناوی کەندڕەکەش دەبێته ناوی کارەساتەکه وەکوو: حەسەن ناوێک دەکوژرێت له نزیک کەندەڵانێک، بەهۆی کێشەیەکی دوژمنداری کۆنەوه ئەوه ناوی شیوەکه بەناوی ئەو کوڕه کوژراوه ناودەنرێت به (شیوی حەسەن کوژرای)، یان کەندڕێ بەناوی ئەو پیرەژنەی خەڵکی تەقتەقەوه ناو دەنرێت که لافاوێکی بەهارەی زێی بچوک بردوویەتی له کەندڕێک وەکوو ئاوماڵک گیرساوەتەوه ناوی ئەو کەندڕه له شارەدێی تەقتەق بەناوی ئەو پیرەژنەوه ناونراوه و بووه به کەندڕی نەنه حەلۆمه، یان کیژێک بەناوی کڕینەوەی شەرم و ناموس له کەندەڵانێک دەکوژرێت لەلایەن باوک و برا و ئامۆزاکانیەوه، لەسەردوڵکه و لاوانەوه و

قسەوقسەلۆکی ناو ئاواییدا بەو شوێنە دەوترێت کەندی مێرەم کوژرای، یان کوشتنی کیژێکیتر بەناوی خەزار لە چاڵاییەک بەو چاڵاییە دەوترێت: قۆرتی خەزارێ، هەندێجار گاوان گایەکانی لێ هەڵدەدەیرێن لە کەندەرانەکی زۆر سەخت و دژوار بەو کەندەڵانە دواتر وتراوە: کەندڕی گاتڕان و...تاد،کەواتە زۆری بە سەرهات و ڕووداو و چیرۆک لە چۆمیلکە و کەند و لەند و کەندر و کەنداڵ و کەندەڵان لە کوردەواریدا وایکردووە وەکو ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و ڕێنمایی و شارەزایی و زانیاری کورد بڵێت: لەهەر کەندێ پەندێ.

**١٣٠٠-لیرەیە و کەوتۆتە ناو قوڕەوە:-**

لیرە، دراوێکی زێڕینی بە نرخە، جگە لەوەی کە دراوە، زێڕیشە، ئەوە وای لێکردووە پڕ بایەخ بێت، لە کوردەواریدا بۆ شتی بەنرخ و باش وتراوە: دەڵێی زێڕە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بە کەسانی بەڕێز و خاوەن ڕەوەشت و دەست ڕەنگین و سەلار و سەنگین، ئەگەر بارودۆخی کۆمەڵایەتیان خراپ بکەوێت و بکەونە دەستی کەسانی ناکەس بەچە و نا نەجیب و دژوون و خراپەکار و بچەوسێنەوە ئەوا کورد بە کینایە و درکەوە دەڵێت: لیرەیە و کەوتۆتە ناو قوڕەوە.

**١٣٠١-لە دەستی شکا:-**

هەر کارێک مرۆڤ پێی هەڵبستێت و بیەوێت بەسەرکەوتوویی جێ بەجێی بکات، بەڵام لە کاتی ئەنجامدانی کارەکە وەکوو پێویست نەتوانێت ڕاییپەڕێنێت، هەر کۆسپ و تەگەرەیەک بووە ڕێگر لە بەردەم ڕاییکردنی کارەکە دەوترێت فڵانە کەس لە دەستی شکا واتە نەیتوانی بیگەیەنێتە سەر و کارەکەی لە دەستچوو تازە ناتوانێت ئەنجامی بدات.

**١٣٠٢-لە شەڕدا شیرینی نابەخشنەوە:-**

کورد لەسەر شەڕ کۆمەڵێک ئیدیۆمی هەیە وەکوو: شەڕ و نیوە شەڕ هەر یەکە، لە شەڕدا حەڵوا-هەڵوا نابەشنەوە، شەڕ کەوتە بەر دەرگای ماڵێ، شەڕی سبەینان باشترە لە خێری ئێواران، شەڕ و تڕ لە دەست خۆت نییە، لەشەڕدا هەر ماڵ وێرانی و کاولیە، خوێن ڕشتن و هەتیوو کەوتن و جەرگ سووتان و پشت شکان و گرانی و نەبوونی و ڕێ گیران و ڕووخان و پرسە و ماتەمگێڕییە، شەڕ هیچ شتێک ناپرسێت هەموو شتێک خاپوور دەکات، تەڕ و وشک بەیەکەوە دەسووتێنێت، داروپەردوو بەسەریەک دادەدات، شەڕ شەڕە و ئامانی نییە،

ژووژک-ژیژک و پشیله، ئەو پیاوانەی کە لەگەڵ ژنەکانیان تورە و توندن و زوو زوو خۆیانیان بۆ گڤ دەکەنەوە، لە کوردەواریدا پێیان دەوترێت: خدر و موو رەق واتە: خراپ دەخەوێتە قەلبەوە و بار ناهێنرێن و گوێ لە مشت و مەیسەر بوونیان زەحمەتە ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەو پیاوانەی بەرامبەر ژنەکانیان توونە و تیژن دەوترێت: موو رەقە.

**١٣٩٣-مار تاسەری پان نەکەیتەوە ناتۆپێت:-**

مار، ئەو زیندەوەرە خشۆکەیە کە لە کوردەواریدا زۆر ئیدیۆمی لەسەر وتراوە و لەگەڵ مرۆڤدا لەیەک ژینگەدا بەیەکەوە ژیاون، مار هێمای دوژمنە، مایەی پێوەدان و ژەهر رێژتنە، بنەمای ترس و دڵەراوکێیە بۆ مرۆڤ، باشترین چەکی شەرکردنی مار، دەم و ددانیەتی کە گازی پێ دەگرێت و زیان بەنێچیر و نەیارانی دەگەیەنێت و بەهۆیەوە ژاری خۆی دەخاتە خوێنی دوژمنەکانیەوە، بۆیە ئەگەر هەر جێگایەکی پان بکەیتەوە و سەری بمێنێت ئەوا هیچت نەکردووە و مەترسیەکە هەر دەمێنێت، کورد ئەوەی کردووە بە ئیدیۆم و ئەگەر دەسەڵاتێکی چەوسێنەر و زۆردار لەلایەن شۆرش و جەماوەرەوە زۆر ناوچەی لێ وەربگیرێتەوە و ئازاد بکرێت، بەڵام پایتەخت و سەرۆکەکەی مابێت یان پیاوانی ئاغا و دەرەبەگایەتی زۆربەیان دارکووت و بەر پێلەقە بدرێن و ئاغا و سەر گەورەکەیان مابێت ئەوا کورد دەڵێت: مار تاسەری پان نەکەیتەوە ناتۆپێت.

**١٣٩٤- مارێ لە خوار ماران، کافر نەبێ بەحاران:-**

لە ناوچەی خۆشناوەتیدا چەندین ئیدیۆمیان بەبن زاریدا هاتووە کە زۆر شیرین و پڕ گوزارشت و ئەزموونن وەکوو:(مارێ لەخوار ماران، کافر نەبێ بەحاران)، مار: ماڵ ئەو ماڵەی لەسەر رێگە و خوار ئاوایی گوند بێت، خەڵکی لایدە و غەریبە و رێبوار و میوان زۆر رووی تێ دەکەن چونکە شوێنەکەی ئەو حاڵەتەی بۆ درووستکردووە ئەویش سەر رێیی و بەر ماڵانیەتی، کافر بەکافری خۆی نەبێت بە حاڵیان، ئەو گۆتەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ماڵی سەرەرێ و بەرماڵان بەهۆی شوێنەکەیانەوە لەبن دەست وپێ دەچن و وەکوو کاروانسەرایان لێ دێت بۆیە وتراوە: مارێ لەخوار ماران، کافر نەبێ بەحاران.

**١٣٩٥-ماری تۆپیوو ئەخاتە بەرپێی:-**

مار، کە هێمای دوژمندارییە لە کوردەواریدا، گوزارشتی مەترسی و ژەهر و پێوەدانی لە پێش هەموو شتێکەوەیە، هەموو شتێک کە بخرێتە ژێر پێ و بەرپێ و بەر دەرگای ماڵ مانای خۆی هەیە، هەندێجار ڕێکخستنە نهێنییەکانی شار لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم، دەچوون، سەرە مریشکێکیان دەخستە ناو زەرفێکەوە هەڵیاندەدایە ماڵە پیاوخراپەکانی حزبی بەعس یان بە دەرگایانەوە هەڵدەواسی، ئەوە بۆ چاوترساندن و تۆقاندن بوو، واتە: وەکوو ئەو مریشکە سەرت دەبڕین، یان(یەک فیشەک-گولله)یەکیان دەخستە ناو نامەیەکەوە وەکوو پەیامێک بۆ سنووردارکردنی خراپەکارییەکانی دەرحەق بە شۆڕشگێڕان و ڕێکخستنە نهێنییەکان و کەسوکاری پێشمەرگەکان، لێرەدا ماری تۆپیویش هاوشێوەی ئەو فیشەک و سەرە مریشکە گوزارشت و پەیام گەیاندنە بۆ ناحەزێک یان دوژمندارێک یان ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان دوو لایەندا بۆیە کورد وتویەتی: ماری تۆپیوو ئەخاتە بەرپێی.

**١٣٩٦-مار نابێت بە یار:-**

مار کە بووە بە هێمای دوژمنداری و ژار و پێوەدان و گازگرتن، ترس و تۆقاندنیشی لە دڵی مرۆڤدا چاندووە، چونکە زۆر ئازیزان و خۆشەویستان بە هۆی گازگرتنی مارەوە ژاراویی بوون و ماڵئاوایی و ژیانناواییان کردووە، لە ماوەیەکی کورتدا شاردراونەتەوە و خراونەتە ژێر خاک و بۆ ئەبەد نەبینراونەتەوە، تەنیا حەسرەت و خەم و خەفەتیان بۆ کەسوکاریان جێهێشتووە، مار خاسیەتی دوژمنکارانەی بەرامبەر دەوروبەری لە گیانلەبەران و مرۆڤ کۆتایی نایەت و لە غەریزەیدا ئەو حاڵەتە بوونی هەیە و چەسپاوە، زۆر چیرۆک و گێڕانەوەی بەر ئاگردانیش ئەو ڕاستیەیان دووپاتکردۆتەوە، چیرۆکی بەر ئاگردانی کورد دەڵێت: ڕۆژێک لە ڕۆژان وەرزێرێک لە چلەی زستانی سارد و کڕێوەدا، مارێکی سڕ دەدۆزێتەوە، دڵی پێی دەسوتێ، هەڵی دەگرێت و دەیخاتە باخەڵیەوە، تاوەکو گەرمی بێتەوە، کە مارەکە گەرمی دەبێتەوە و جووڵە دەکات، یەکسەر بە ژێر باڵی وەرزێرەکەوە دەدات و دەیکوژێت، ئەوەش بووە بە ئیدیۆم و بۆ کەسی خراپەکار دەوترێت: وەک ماری سڕ وایە، هەروەها لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیشدا هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەک دەفەرموێت: میسلی

ماری بێ ئیجازه له دڵی عاشق دەگرێ گازە، واتە ئەو مارە مۆڵەتی لە ڕێبازی قادری سۆفیگەرێتی ئیسلامییەوە وەرنەگرتووە، کە لە تەریقەتدا ئەو دەروێشانەی ئیجازەی شێخیان هەبووایە بە(مارگر) ناو دەبران و ئیجازەی مارگرتنیان هەبوو، کە مارەکەیان دەگرت، مارەکە بەهۆی مۆڵەتی ڕێچکەی قادرییەوە گازی لێ ناگرتن(ئەفسانەیە)، بەڵام ئەو مارەی حەسەن زیرەک ئاماژەی پێکردووە، بێ ئیجازە بووە و زۆر بێ بەزییانە گازی گرتووە، بەماری کولەوەیبابیش وتراوە: بێ ئیجازە لەبەر ژەهر پیسی کە یەکسەر کوشندەیە، هەروەها لە دەقی فۆلکلۆری تردا هاتووە:

**هاوڕێ گەلێکیان وەک مار سڕن**

**ڕواڵەت دۆست و لە بنەوە بڕن**

جگە لەمانە چەند ئیدیۆمێکیتر لە سەر زاری مار وتراوە، ئەگەر شتێک زۆر تاڵ و ژەقنەبووت بێت وتراوە: دەڵێی ژەهری ماڵە یان وەک ژەهری مارە، ئەو مارانەی کە هەمیشە بیر لە پەلاماردان و هێرشبردن دەکەنەوە بۆ تۆڵەکردنەوەی، کورد پێیان دەڵێت: مار کلکی لە بیر ناچێت، خاسیەتەکانی گەستن و پێوەدان و ژار ڕووکردن کە لە ئەدگار و پێکهاتەی ماردا هەیە وایکردووە، ببنە خو و ڕەوشتی مار و لەبەر ئەوە مار بۆ یاری نابێت بۆیە کورد لە ئەزمونەوە وتویەتی: مار نابێت بە یار.

**١٣٩٧-مشک لە ئیدیۆمی کوردەواریدا:-**

مشک گیانەوەرێکی قرتێنەری شیردەری گیاخۆرە، قەبارە و کێشی بچوکە، دوژمنی زۆرە مرۆڤ و گیانلەبەرانیتر بۆیە تەمەنی زۆر کورتە، ئەوانەی ماڵین لە دیواری خانووی ماڵان کون لێ دەدەن و کێوییەکانیش لە کێڵگە کشتوکاڵیەکاندا، مشک لەبەر ئەوەی ئاژەڵێکی وردیلەی زۆر و بەر بڵاوە لە کوردەواریدا خزێنراوەتە ناو ئیدیۆمێکی زۆرەوە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو ئیدیۆمانە دەدەین.

ئەوەی لە مشک بێت جەواڵ دڕە، جەواڵ لە بەن و موو و خوری دروستکراوە وەکوو گونیەی ئەمڕۆ وابووە، پڕ کراوە لە دانەوێڵەی گەنم و جۆ، مشکیش مشەخۆرە، کاتێک بۆنی گەنم و جۆی ناو جەواڵەکەی کردووە، ئەوەندە قاندڕییەتی بە ددانەکانی بەن و موو و خوری جەواڵەکەی قرتاندووە و دڕیووە و

کونی کردووه تا گەنمەکەی ناوی بخوات، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێک دەوترێت هەمان پیشە و کار و کردەوەی باوانی خۆی بکاتەوە.

پشیلە لە ماڵێ نییە، مشک تلیلییانە، یەکێک لە مێمل-مێمرەکانی مشک، پشیلەیە، زۆر گورج و گۆڵانە دەیانگرێت و دەبنە ژەمە خۆراکی، ئەو ماڵەی پشیلەی لێ نەبێت، جموجۆڵ و بزاوتی مشک زۆر دەبێت و دەست دەکەنە زیکەزیک و یاری کردن و هەڵبەزین، ئەوە کراوە بە ئیدیۆم و ئەگەر کەسی یەکەمی ماڵ لە ماڵ نەبێت، منداڵ و توار هەموویان بە ئارەزووی خۆیان وەکو مشکەکان دەجولێنەوە، یان کاتێک کەسی یەکەمی فەرمانگە یان کۆمپانیا یان وڵات بۆ ماوەیەک دیار نەبن خەڵکانی هەڵپەرست و مشەخۆر دەرفەت دەقۆزننەوە بۆ کاری نابەجێ و دەوام نەکردن و ...تاد.

مشک، بەهەستە، گوێی قوڵاغ و سووکە، زوو هەست بەخشپە و جوڵە دەکات، ئەو خاسیەتەی مرۆڤ گواستویەتییەوە بۆ کەسێکی گوێ سووک کە زوو لە بابەتی بە فسکە فسک تێ بگات، دەڵێت: گوێی ئەوەندە سووکە دەڵێی مشکە.

هەروەها بۆ هەژاری و نەداری و نەبوونی و قات و قوڕی و کەندوو بەتاڵی و دیارکەوتنی بنی هەمبانەی زەخیرەش جارێکیتر مشک بووە بە ئیدیۆم و بەو جۆرە ماڵە هەژارانە دەوترێت: هێندە هەژاران، مشک کلکی لە ماڵیان بە ئارد نابێت.

هەروەها بۆ بچووکی کەسێکیش وتراوە دەڵێی: مشکە، واتە: زۆر بچوکە، ژنانی کوردیش کە بەکاروباری ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵەوە زۆر سەرقاڵ دەبن دەڵێن: وەک مشکی کۆرە-کوێرە هەر دەبێت لە چوارچێوەی ماڵەوە بین، مشکی کوێرە: جۆرە مشکێکی کێوییە، زۆر لە کونەکانی دەمێنێتەوە، کلکی لە مشکی ماڵی کورتترە، بەڵام کەمێک گەورەترە، جورجە کوێرەش وتراوە: بەڵام ئەوەیان قرچۆکی و ڕەزیلی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت.

باڵندەی مشکگرە، باڵندەیەکی بچوکە، گۆشتخۆرە، چنگ زەرد و قاچ کورتە، لە ئاسمانەوە ڕاوی مشک دەکات، مشکخۆرەش جانەوەرێکیترە ڕاوی مشک دەکات، کەواتە: مار و پشیلە و مشکگرە و مشکخۆرە و مرۆڤ هەموویان دوژمنی ئەو گیانلەبەرە گیاخۆرەن.

**١٣٩٨-مەلا لە ئیدیۆمی کوردەواریدا:-**

ئەو منداڵەی لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە دەچێتە بەر خوێندن لە حوجرەدا پێی دەوترێت: ( سوختیە)، دواتر قۆناغەکانی( فەقێ و موستەعید) دەبڕێت و لە ئاهەنگێکی خنجیلانەدا مۆڵەتی(مەلایەتی) وەردەگرێت، ئەو ماوەیەی بە نزیکەی(١٢) دوازدە ساڵ خوێندن، لەو حوجرە بۆ ئەو حوجرە و لەو گوند بۆ ئەو گوند و لەو شار بۆ ئەو شار بە نەبوونی و برسیەتی و بێ جلوبەرگی وەکوو شاعیری مەزنی کورد حاجی قادری کۆیی لە دێرە شیعرێکدا باسی ئەو نەبوونییەی خۆیی و فەقێکان دەکات و دەفەرموێت:

بەبیرم دێ زەمانێ چووینە باڵەک

بەپێ خاوسی نەکەوشم بوو نە کاڵەک

لە پەیڕەوانی ئاینی ئیسلامدا بە(مەلا) دەوترێت: جێنشینی پەیامبەری ئیسلام، بۆیە جێگە و پێگەیان لە ناو میللەتدا هەیە و ڕێزیان لێگیراوە، هەرچەندە وشەکە لە زمانی عەرەبییەوە خزاوەتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵام جێی خۆی گرتووە لە فەرهەنگی کوردەوارییدا، چەندین دەق و پەند و ئیدیۆم لەسەر مەلا هاتووە، دیارترینیان(پارەی خۆت بدە و مەلا لە مزگەوت دەربێنە)، هەڵبەت شوێنی کارکردنی مەلا مزگەوتەکانە هەر لە پێش نوێژی و وتاری هەفتانەی هەینی و کاری ئاشتەوایی و وانە وتنەوەی حوجرەکان و...تاد، لەلای مەلاکاندا زۆر پیرۆزە و خوای گەورەش لە ئایەتەکانی قورئاندا باسی ئەو گرنگی و پیرۆزییەی کردووە، کەواتە: خواناس(مەلا) و شوێنی پیرۆز (مزگەوت) بووە بەو ئیدیۆمە جوانە، کە مەلاش مرۆڤە وەکوو هەموو مرۆڤەکانی تر دەکەوێتە ژێر کاریگەری خۆشی و لە زەتەکانی دونیا و پارە و سامان و سەرمایە لە خشتەی دەبات و بەهۆیەوە خیانەت لە بڕواداریيەکەی دەکات، بۆ ئەمە کورد وتویەتی: پارەی خۆت بدە و مەلا لە مزگەوت دەربێنە).

لەبەر ئەوەی(مەلا) کەسێکی خوێندەوار بووە، هەندێکیان زاراوەی(دوازدە عیلم) یان بووە بە پاشگری مەلایەتییەکەیان پێیان وتراوە: مەلای دوازدە عیلم، ئەو دوازدە زانستە لە زمانەوانی و ڕێزمان(نەحو وسەرف) و ژیربێژی و ڕەوانبێژی و وێژە و گوڵستان و فەلەک و بیرکاری و پزیشکی (تووب نەبەوی) و...تاد، بۆیە مەلا زۆر بە زانا دانراوە، بەڵام لێرە و لەوێ خەڵکانێک پەیدابوون،

پرسیاری زۆر وردی پڕ گومانیان لەسەر بیروڕا و بڕوای ئیسلامی(عەقیدە و ئیمان) لە مەلا دەکرد و بەو جۆرە پرسیارانە وتراوە: مەلابەزێنی، ئەوەش بۆ هەموو ئەو بوارانە بەکاردەهێنرێت کە پرسیاری کێشمەکێش و یەکلا نەکەرەوە بۆ مامۆستا یان کەسی سەروو بەکاربهێنرێت پێی دەوترێت: مەلابەزێنی، هەر لەبەر زیرەکی و زۆرزانی مامۆستایانی ئایینیە وتراوە: مەلاش غەڵەتێ دەکات، زیرەکی مەلایان دەکەنە پاسا و بۆ هەڵەکانی خۆیان.

لە یارییە کوردەوارییەکانیش لە دوو یارییدا وشەی(مەلا) بەکاردەهێنرێت، چونکە مەلایەکان ڕێز لێگیراون و یەکەم کەس پێش کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەڕۆن و فەرمووفەرموویان لێ دەکرێت، بۆیە بە کەسی یەکەم لە یاری کەلایانێ-هەڵماتانێ، کە کەلایەکەی یان هەڵماتەکەی بهاوێژێت دەوترێت: من بەگم یان مەلام واتە: یەکەم کەسم ئەو کارەی بکەم، بۆ یاری(کێل و بەردانێ) ش، بە هەمان شێوە بە یەکەم بەردی قیتەوەکرا و لە پێشەوە دەوترێت: بەردی مەلا.

مەلا خۆرکە بووە، بە بەرووبومێکی نوێ و تازە گەیشتوو دەوترێت، ئەمەش بیروبۆچونی جیای لەسەرە هەندێک دەڵێن: ئەگەر بەرهەمێک بکەوێتە بازاڕەوە زۆر هەرزان بێت، دەوترێت: مەلاخۆرکەیە، یان دەوترێت: بە بەرووبومی حەڵاڵ دەوترێت، بیروبۆچونی ڕاستەقینەش ئەوەیە: کە مەلاکان لە گوندەکاندا زۆر ڕێز لێگیراو بوون، جوتیارەکان یەکەم نۆبەرەی بەرهەمەکانیان بۆ مەلاکان بردووە، ئەوە زۆرتر بە سەوزەی پایزان بەتایبەتی(توور) وتراوە، کاتێک کە دوو پەلکەی تێ دەپەڕاند ئەگەر پرسیار لە جوتیارەکە بکرایە، توورەکە چۆنە؟ لەوەڵامدا دەیوت: مەلا خۆرکە بووە.

هەروەها کاتی شەبەق و سپێدە و کازیووەی بەرەبەیانیش پێی وتراوە: مەلا بانگدانە، هەر کاتێک ئەو دەستەواژەیە بەکاربهێنرێت یەکسەر تێ دەگەیت، کە کات سپێدە و بەرەبەیانە، بۆ ڕەچەڵەک و بنەچەناسی خانەوادەیەکیش دەوترێت: مەلازادە یان مەلازادەن.

مەلایەکان، سەرەدەرە لە شەرعی ئیسلام دەردەکەن و کاروبارەکانی شەرع ئەوان لێی شارەزان، بۆیە لە گرفتەکاندا دەوترێت: با بچینە لای شەرعی مەلایێ.

لە باس و خواسی ڕۆژانەی خەڵکدا، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، واچاکە دوورە پەرێز نەبێت و تێکەڵاو بە داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا بێت وتراوە:

بۆ لە دایکبوون مامانێکی باش و بۆ پرسەش مەلایەکی دەنگخۆش.

لێرە و لەوێ هەندێک لە مەلایەکان کەوتونەتە بەر تانە و تەشەری میللەت و چەندین ئیدیۆم و دەستەواژەی ناجۆر و ناڕیک ئاڕاستەیان کراوە وەکوو: مەلای بەمن و توو، واتە: ئەو مەلایە هیچ لە شەرع و مەلایەتی نازانێت، کەچی بە ناچاری ئێمە کردوومانە بە مەلا، هەروەها دەوترێت: خواری مەکەوە مەلا، هەندێ لە مەلاکان شەرع بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنن، ئینجا ئەو کەسەی درک بەو بە لاڕێدانە بکات دەڵێت: مەلا خواری مەکەوە، یان زۆربەی خەڵکی لەسەر زاران دەڵێن: مەلا شەرعی خوار دەکاتەوە بە پاساوی(شەرع بنی قۆلە).

هەندێک لە مەلایەکان تێکەڵی دونیا بوون و لە شایەری و چاوەشیەوە بوون بە تۆبەکار بەوانە دەڵێن: لە عەمرەکەم حەڵڵاوەوە بۆ قولوئەڵڵاهو ئەحەد، یان بۆ ئەو مەلایانەی خۆیان بە پیشەکەیانەوە کە مەلایەتییە شۆڕکردۆتەوە، دەوترێت: لە قولو ئەڵڵاهو ئەحەد بەڕۆژووە، واتە: هیچی لێ نازانێت.

هەندێجار بێ ڕێزییەکە زیاد دەکات بۆ خێزان و منداڵ و کەسی پلەیەکی مەلاکان، وەکوو: ئیدیۆمی: دەڵێی مووی بەری مەلاژنە، یان لە تێکستی فۆلکلۆریدا دەوترێت:

مەلا لەمزگەوت قورئان دەخوێنێ
کچەکەی لە کۆڵان کوڕ دەیگەوزێنێ

لەڕووی سیاسیشەوە لە باشوری کوردان بە هۆی دوو لەتبوونی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول زاراوەی جەلالی و مەلایی هاتە کایەوە، ئێستا بە زاراوەی(مەلایی) یەکسەر دەزانرێت ئەو کەسە لە باڵی مەلا مستەفای بارزان ماوەتەوە و ڕێبازی ئەوی گرتووە.

**١٣٩٩-موو لە ئیدیۆمدا:-**

موو: شتێکی لوس و باریکە لە خوری ڕەقترە لە جەستەی گیانداران و مرۆڤیش دەڕوێ، هەندێ ئاژەڵ جوان و پۆشتە دەکات، سوود و کەڵکی تایبەتی خۆی هەیە، بە گوێرەی گیانلەبەر و ئەندامەکانی لەشیان، بەریەکەوتنی زۆری لەگەڵ مرۆڤ و پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی دا هەیە بۆیە چەند جار لەناو ئیدیۆمی کوردەوارییدا شوێنی گرتووە، وەکوو: مووی کونە لووتە، ئەو مووە لەناو لوتی

مرۆڤدایە، پارێزگاری لە ئەو کونیلەیە دەکات وەکوو پارزنگ وایە بۆ چوونە ژوورەوەی تۆز وخۆڵ و سییەکان دەپارێزێت، ئەمەش بووە بە ئیدیۆم و بە کەسێکی بێزارکەر و جاڕس کە بویتە مایەی نیگەرانی و ڕێگری بۆ کەسێک یان کارێک.

مووی ناو ماست: ئەم جۆرە مووەش، هەر لەناو ماستدا هەیە، چونکە، ئەوە بەرهەمی شیری بزن و مەڕە، مووی بزنەکانی هەر تێ دەکەوێت، ئەو کەیبانووەی خاوێنە، ئەوا ماستەکەی پاکە و هیچ موویەکی تێدا نییە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بۆ کارێکی گوماناوی دەوترێت: ئەو ماستە موویەکی تێدایە.

موو، ئەگەر ڕابکێشرێت لەبەر لاوازی زوو دەپسێت، بۆیە دەبێت بە نەرم و نیانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت ئەگەر بتەوێت لە پسان دووری بخەیتەوە، بۆ تووک نەرمی و نەرم و نیانی بەرامبەر هەر کەسێک لە ئیدیۆمی کوردەواریدا دەوترێت: موو ناپسێنێ، وەکوو هێمن موکریانی شاعیر فەرمویەتی:

ئەمن دەمگوت لە دنیا تا بمێنم
لەبەر کەس ئەستەمە سەر دانوێنم
کەچی ئێستا لە داوی بسکی تۆدا
گرفتارم گوڵم موو ناپسێنم

هەر بۆ ڕەزامەندی و ڕازی بوون بەکارێک و فەرمان جێ بەجێ کردن دەوترێت: فڵانە کەس ملی لەداوە موویەک باریکترە.

ئەو گۆشتانەی کە موویان پێوەیە ئەگەر بێ مووبن جوانتر و پاکتر دێنە بەرچاو و بۆ خواردن لەبارتر دەبن، بۆ نمونە: پاککردنەوەی سەروپێ-پاچە، بەڵام ئەوەش ماندووبوون و ئەزیەتی ویستووە تاوەکوو لە موو پاککراوەتەوە، ئەوەش کراوە بە ئیدیۆم و بە کەسێکی تەمبەڵ دەوترێت کە داوای شتێکی باش بکات و هیچیش خۆی پێوە ماندوو نەکات بە تەوسەوە دەوترێت: کاکم داوی شتی بێ موو دەکات.

باریکی موو وایکردووە بە هەموو شوێنێکەوە بچێت، ئەو خاسیەتەی لە ئیدیۆمی کوردەواریدا بەکارهێنراوە بۆ دۆستایەتی و ئاشنایەتی و هاوڕێیەتیەکی برایانە و تەبایانە و پڕ خۆشەویستی بێ بەرژەوەندی وتراوە ئەو دووانە: موو بە بەینیانەوە ناچێت.

بۆ بێ نرخی و هیچ و پووچی شتێکیش دەوترێت: ئەوە چییە؟ داوە مووە، شاعیری گەورەی کورد حاجی قادری کۆیی-یش فەرمویەتی:

داوە موویەکی بە دونیا بەمافیها نەدەی

حاجی ئەگەر ئەحبابەکی جانی بەجانیت دەست کەوت

لەبواری ژمێرە و بیرکاریشدا موو بووە بە ئیدیۆم و بۆ زۆری و بۆری شتێک دەوترێت: هێندەی مووی سەرە، بۆ سووک سەیرکردنی کەسێک کە خۆی زۆر بە شت بزانیت و لە بنەڕەتیشدا تیابەستە نەبوو بێت، ئەوەی بیناسێت بە توانجەوە پێی دەڵێت: دەزانین چەند موو بە کونی قونتەوەیە، هەروەها بۆ ئەو کوڕانەی زۆر حەزیان لە ژنهێنانە پێیان دەوترێت: داوە موویەک بەسەرییەوە بێت دەیەوێت.

موو گوزارشتی پێکراوە بۆ خۆناسین و پیری مرۆڤ، هەندێ مرۆڤ نازانن کەوا پیربوون کار و ڕەفتار و قسەی منداڵانە و خوڕتانە دەکەن، بۆ بەرپەرچدانەوە و بەبیرهێنانەوەیان وتراوە: سەری سپییە داوی ڕەشی تێدا نەماوە، مووی قونیشی سپی بووە.

هەروا مووی دەکات، واتە: زۆر پەرۆشە یان زۆری پێ خۆشە، یان چەقۆیەکی تیژە، بە هەڵسوکەتی توند و تیژانەی پیاو بەرامبەر ژنەکەی دەوترێت: پیاوێکی موو گرژە، یان بە هەڵسوکەوتێکی نەرم و نیانی پیاو بەرامبەر بە ژن دەوترێت: پیاوێکی موو نەرمە.

**١٤٠٠- مشتێکە لە خەرواڵێک:-**

مشت، مستی مرۆڤ و هەر پێنج پەنجەکەیەتی، خەڕواڵ، خەرار، وەکوو گونیەی خەت شینی توتن داگرتن گەورە بوو، موتابچی لە مووی بزن دروستی دەکرد و گەنم و جۆی پێ دەگوازرایەوە، ئینجا ئەگەر خەرارێک پڕ بێت لە جۆ و گەنم، مشتێک یان مستێکی لێ دەربکەیت، ئەوا هەست بە کەمبوونەوەی ناکەیت، چونکە زۆر کەمە، واتە نمونەیەکی کەمی لێ دەردەهێنرێت، ئەوە ڕووە ڕاستەقینەکەیە، بەڵام لایەنی ئیدیۆمەکەی ئەوەیە زەمی کەسێک بکەیت و هەندێک لە لایەنە خراپەکانی بخەیتەڕوو، کەسی بەرامبەریش پێی وابێت ئەوە وانییە یان بڵێت چۆن؟ تۆش دەڵێیت من هیچم باس نەکردووە ئەمە تەنها مشتێکە لە خەڕاواڵێک، واتە بەقەد خەڕواڵ و خەرمانێک زەم و لۆمە و سەرکۆنەی لێ دەوەشێتەوە.

ئۆقرەی نەبێت پێی دەوترێت ئەوەچییە؟ خۆت نانت لەسەر سێڕێ نەسووتایە.

**١٤٠٩-نانی کاسبی برژایە:-**

بیستراوە و وتراویشە(نانی سوالّ یان خاوە یان سوتاوە)، بەلاّم نانی برژاو واتە: نانێکە خۆت بە دەستتهێناوە بە ئەرک و ڕەنج و ماندووبون یان بەپول و پارەی خۆت کڕیووتە، ئەگەر کاسبی بکەیت ئەوا دەوترێت:(دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە)، واتە: بەو دراو و پول و پارەیەی کە بە رەنج و زەحمەتکێشانی خۆت دەستت کەوتووە بە ئارەزووی خۆت بەڕسق و ڕۆژووی دەدەیت و دەست پان ناکەیتەوە وەکوو دەرۆزەکەر و خێرومەندیش دلّیان لە نانی(خاو) یان(سوتاو) دەبێتەوە پێتی بدەن، بەلاّم خۆت بچیتە لای نانەوا بۆ کڕینی(نان) بە نانی خاو و سوتاو ڕەزامەند نابیت، چونکە تۆ پولی خۆت دەدەیت و کامە(نان) برژاوە ئەو نانە دەسێنی بۆیە وتراوە:(نانی کاسبی برژایە یان برژاوە).

**١٤١٠-نەخۆر و نەشۆر:-**

نەخۆر، واتە کەسێک خۆراکی هەبێت و نەیخوات، نەشۆریش واتە کەسێک ئاو و دەراوێکی باشیشی هەبێت خۆی نەشوات، ئەو نەخۆری و نەشۆرییە بووە بە ئیدیۆم و بەڕق و پەڕپووتکردن و ناشیرینکردنەوە بە کەسێک دەوترێت کە هەردوو خاسیەتی پیس و پەلّۆسی و پۆخلّی و ڕژدی هەبێت بە مالّی خۆی بە تەواوەتی نەخواو نەخواتەوە و بەکاری نەهێنێت، دەوترێت لێیان گەڕێن ئەو(نەخۆری، نەشۆر)انە چین؟.

**١٤١١-نەترس لە مار بترس لە ئایم گومار:-**

لە ناوچەی ئیلامی ئەوپەڕی باشوری ڕۆژهەلاّتی کوردستان بە کەسی سپلە و بێ نمەک و حەرامزادە دەوترێت:(گومار)، سەبارەت بەو درکەیە زیندەوەری خشۆکی مەترسیداری وەکوو(مار)، بە باشتر دەزانێت لە مەردومی سپلە و بێ نمەک، هەر چەندیشە کورد لە مێژە وتویەتی:(شەرعی مار بە دار)، یان وتویەتی:(بە دەستی خەلّکی سەری ماری لێ بکەوە) یان(هەلّگرە دار، بکوژە مار)، بەلاّم کوردەکانی ناوچەی ئیلام ماری مەترسیدار بە چاکتر دەزانن وەکوو لە مرۆڤێکی سپلّە و نمەک حەرام بۆیە وتویانە:(نەترس لە مار، بترس لە ئایم گومار).

## پیتی ( هـ )

**١٤٧١-هاری لە ئیدیۆمی کوردیدا:-**

هـــــاری نەخۆشـــــیەکە تووشـــــی گیانلەبـــــەری ســـــەگ دەبێـــــت، ئـــــەو نەخۆشییە(ڤایرۆســـی)یە، کاریگەرییـــەکانی ڕەفتـــار و هەڵســـوکەوتی ســـەگەکە دەگۆڕێت، کـەم دەخـەوێت، لـە هـیچ شـتێک ناگەڕێتـەوە و مـل دەنێت، خـواردن و خواردنەوەی نامێنێت، دەوترێت لـە ئـاو دەرەوێتـەوە، ئـەو خاسـیەتانەی سـەگ لـە کـاتی نەخۆشـییەکەدا بـووە بـە ئیـدیۆم و بـۆ کەسـی برسـی بـەکاردەهێنرێت واتـە: کەسی برسی بۆ پەیداکردنی قووت و بژێوی لە هیچ ناپرسـێت شـێوەی نەخۆشـی هاریەکە، لە هیچ ناگەڕێتەوە، بۆیە کورد وتویـەتی: برسـێتی ڕەگـی هـاری پێوەیـە، هەروەها بە کەسێکی هاروهـاج و ئـاژاوەچی و بەگێچـەڵ، هـیچ حسـاب بـۆ داب و نەریت و یاسا و ڕێسا نەکات و بۆ هەر کارێک بێ سڵەمینەوە مل بنێت دەوترێت: فلانە کەس هار بووە یان دەڵێی هار بووە، لە ڕوویەکیتریشـەوە، بۆ زۆرداران و دەسەڵاتداران، کە حوکمی خەڵک بە زەبر و کوتەک و چەک و ئاسن دەکەن، زوڵم و سـتەم و چەوسـانەوەیان زۆر دەبێت، بیرمەنـدان و بەسـالاچووان دەزانـن ئـەو زوڵمە ئەستور بووە و لە ئەستوریشدا دەپچڕیت و بەرەو کۆتاییە، بۆ ئەو حاڵەتە وتراوە: عومری سەگی هار هەر چل شـەوە، هـەروەها وتراویشـە: بـۆ هـاری هـەر دەباری، واتە: ئەو کەسەی شڕ و دڕ و چەتوون و سەرکێش بێت، شتی بـۆ پەیـدا بێـت و یـان دەسـتی بکـەوێت و بـۆی بێـت یـان هـاری خـۆی نەخۆشـی بێـت و کارەساتی تریشی بۆ بێت، هەر کەسی بەجموجۆڵ و بێ ئارام و گـەڕۆک و سـەر بـە گۆبەنـد دەوترێت: دەڵێی سـەی هـاری، لـە شـاری کۆیـەش ئیدیۆمێکی تایبـەت هەیە دەڵێت خوایە لە هەندێ شت بمانپارێزی ئەوانیش: لە هـاری، لـە مـاری، لـە زەکییەی قالە لاری، لە شورتەی ناو بازاڕی، هارەبووانە،کارەساتی بەچاوییەوەیە،

